# دووپشک

## لەسەر پلیکانەکانی وێستگەی ڤیتاری ئەندیمەشک
## یان
## ئەم ڤیتارە خوێنی لێ دەتکێ قوربان!

تێکڕای دیمەنەکانی ئەم ڕۆمانە، ڕاستەقینەن.

حوسێن مورتەزاییان ئابکەنار

# دووپشک

## لەسەر پلیکانەکانی وێستگەی قیتاری ئەندیمەشک
## یان
## ئەم قیتارە خوێنی لێ دەتکێ قوربان!

بەرۆژ ئاکرەیی
کردوویە بە کوردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

حوسێن مورتەزاییان ئابکەنار
دووپشک
لەسەر پلیکانەکانی وێستگەی قیتاری ئەندیمەشک
یان، ئەم قیتارە خوێنی لێ دەتکێ قوربان!
وەرگێڕانی: بەرۆژ ئاکرەیی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١١٦
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٧٤ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: سەیوان سەعیدییان
تابلۆی بەرگ: مینو ئیمامی
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

# یەک

مـورتـەزا هیـدایەتی، سـەربـازی قـولکەی یەکی شـێـست و پێنج لە تـارانەوە، لەسەر پلیکانی وێستگەی قیتاری ئەندیمەشک دانیشتبوو و چاولەڕێ بوو کە بێن بیگرن و بیبەن. هـەردوو ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو و چەناگەی خستبووە سەر چۆکەکانی و لە درەختەکان و قیرتاو و تاریکی و سەوزاییی چیمەنەکەی بەرامـبـەری دەڕوانـی، کـە ڕەش هەڵگەڕابوون. دەنگی دەسـتـڕێژ و تـاکـتـیـرە هەواییەکان لە دوور و نزیکەوە دەهات.

لە تاریکیدا چاوی چەند سەربازێک دەبریسکانەوە کە خۆیان لە پەنا بنچک و شمشادەکاندا حەشار دابوو. ئینزیباتەکان کە پۆستاڵی سپییان لە پێدا بوو و قایشـوقرووش و قـەیتانی سـپییـان بە شاندا شـۆڕ بووبووەوە، لقوپۆپەکانیان دەپشـکنی تـا سـەربازە هـەڵاتووەکـان ببـیننـەوە. تێـڵا و لایتی گـەورەیان بە دەستەوە بوو، بەڵام چەکیان پێ نەبوو. لۆرییەکیش لەو ناوەدا ڕاگیرابوو و هەر کـە سـەربـازێکیـان دەدیتـەوە، دەست و پێـیان دەگـرت و هەڵیـان دەدایە سـەر سەربازەکانی تر، کە لە لۆرییەکەدا کەڵەکە کرابوون.

بەرامبەر وێستگەکە، چیمەن بوو و درەختی کونار و دارخورمـای بەرزبەرز کە ڕیزیان بەستبوو. هەر کە گوللەیەکی نووریژێن لە ئاسماندا دەدرەوشایەوە، گەڵا و پۆپی دارخـورمـاکان دەبریسکانەوە و سـەرلەنوێ تاریک دەبوونەوە. بە لقی چەند دارێکەوە تفەنگ هەڵواسرابوو کە تەنانەت لەرەیشیان نەدەهات.

گوتی: هاوڕێ، خەریکە سەرەی ئێمەش دێت.

دەستێکی لە شانی خۆی دا و قایشی مەتارەکەی لە مل کرد و پاشان مەتارەکەی لە باوەش گرت.

یەکێک لە ئینزیباتەکان قەلاگەیەکی گەورەی بەدەستەوە بوو و هەر تەپۆڵەخاک، یان دەوەنێکی گەورەی دەهاتە بەردەست، قەلاگەکەی تێ دەچەقاند و دەری دەکێشا، تێی دەچەقاند و دەری دەکێشا، تێی دەچەقاند و سەربازێک هاواری دەکرد: «ئای...» ئینزیباتەکەش قەلاگەکەی بە ئەستەم هەڵدێنا و سەربازێک بە هەواوە لاقەفرتەی دەکرد و هەڵدەدرایە نێو لۆرییەکە. نرکونالّ و قرچەی ئێسقانەکان لە لۆرییەکەوە دەهات.

وەرزی خورماگەیین بوو و بۆنی بارووت و ماسی لە هەوادا مەییبوو.

هەر لەناکاو سەربازێک لەنێو دەوەنەکانەوە دەرپەڕیە دەرێ و بە غاردان دوور کەوتەوە، بەڵام ئینزیباتەکان هەر ئاوڕیشیان لێی نەدایەوە.

ئینزیباتە زەبەلاحەکان هێندەیان نەمابوو بگەنە لای، ئەمیش چاولەڕێ دانیشتبوو و لە دوورەوە سەیری دەکردن. مێشوولە بەسەر سەریەوە گیزەیان دەهات و ئەویش برێ جار گوێیەکی دەجووڵاند تا لێی دوور بکەونەوە.

سەعات دەوروبەری یازدە بوو. دەوروبەری ساڵی هەشتا و هەشت.

## دوو

چاوەچاو لەسەر جادەیەکی خاکی ڕاوەستابوو بەشکم ئوتومبێلێک دەرکەوێ و سواری بکا. لە دوورەوە حەبیبی لێ دیار بوو کە چەکی بە شانەوە بوو و لە پێش قوتکەی کەرتەکەیان پاسەوانیی دەکرد و چاوەڕێ بوو دوایین مانگی سەربازییەکەی تەواو بێت.

هەر ئەم حەبیبە، کە ماڵئاواییان لە یەکتر کرد، بەو سمێڵە زلە لورییەی خۆیەوە هێندە گریابوو کە بەرپێی بەقەرا گۆمیلکەیەک تەڕ بووبوو. پاشان ئەملاو و ئەولای یەکتریان لە باوەشی یەکتردا ماچ کردبوو. لە پڕێکدا بیری کردەوە ئەو شەوەش لەوێ بمێنێتەوە و سبەینێ بڕوا. بەڵام بە خۆی گوت: نا. ئەگەر ئێستا بڕۆم، سبەینێ لە تاران دەبم.

سەرتاسەری دەوروبەری دەشت و بیابانێکی وشکوبرینگ بوو. نە دارێ، نە پەڵەیەکی سەوز و خشت و بەردێ، یان دیوارێ، هیچ.

گوتی: هاوڕێ، لەم ناوەدا هیچێک نییە. با بڕۆین.

کۆڵەپشتە گەورەکەی لە شان کرد و بە ڕێ کەوت. ڕۆیشت تا لە حەبیب و قوتکە و دیمەنەکەی بەرامبەر و دەوروبەری دابڕێ. جارجار ئاوڕێکی دەدایەوە و لە جادەکەی دەڕوانی، بەشکم تەپوتۆزی جێب، یا ئیڤایەکی لە دوورەوە بۆ دەربکەوێ. هیچێک دیار نەبوو.

هەروا کە هەنگاوی هەڵدێنا، لە پۆستاڵەکانی خۆی دەڕوانی کە شێوەی پێیەکانی گرتبوو. پێکەنینی هات. گوتی: دوو ساڵە دام نەکەندوون. بڕوا دەکەی؟ تەنانەت لە کاتی خەوتنیشدا.

دەنگی تەقوتۆقی ئیڤایەک لە دوورەوە هات. ڕاوەستا. دەستێکی هەڵێنا مەبادا تێ پەڕێ و سواری نەکا. ئیڤایەکە سەد میترێکی مابوو بگاتە لای، شوفێرەکە پێی بە ستۆپەکەدا نا و ئیڤاکە بیست سی میترێک دوورتر ڕاوەستا.

بۆدییەکەی، سەراسەر، کون کون بوو. پشتەوەی بە ئارپیچی ڕۆیشتبوو و ئەوی تریش، ساچمە و گوللە. هێندێک لە کونەکانی ئەوەندە گەورە بوون، مستی مرۆڤیان تێ دەچوو. دەرگاکەی لای شوفێر نەمابوو و تەنیا نەرمادەکانی بە دەرەوە بوون. دوو تەکەری تەقیبوون و ئیڤاکە خوار بووبووەوە.

کۆڵەپشتەکەی هەڵدایە سەر کورسییەکە و دەستی بە میلەی دەرگاکەوە گرت و پێیدا هەڵگەڕا و گوتی: سەرکەوە، "سیا". دەستتم بدێ.

پاشان جێی بۆ کردەوە. شوفێرەکە تماشایەکی کرد و پێ کەنی. گوتی: خەڵکی تارانی؟

گوتی: بەڵێ. تۆ، لە بەرەی شەڕەوە دێیت؟

شوفێرەکە گوتی: ئا...ی لەوێ نەبووی، لەوێ نەبووی... سەیرێکی ئەو لایە بکە.

گوتی: ئەو تیشکە چییە؟

شوفێرەکە گوتی: سێ ڕۆژە بە بێ وەستان دەمانکوتن. دەچییە کوێ؟

گوتی: سەربازییەکەم تەواو بووە.

شوفێرەکە دیسان پێ کەنی.

گوتی: بڕوات بێ.

پاشان پەڕەیەکی شینی لە گیرفانی دەرهێنا کە پسوولەی تەواوبوونی

سەربازییەکەی بوو و پێشانی شوفێرەکەی دا. گوتی: تا کوێ دەڕۆی؟

شوفێرەکە گوتی: دەبێ بڕۆم سەرباز لە ئەندیمەشکەوە بێنم.

جامی پێشەوەی ئیڤاکە نەمابوو و یەکێک لە بەفرسڕەکانی قیت قیت ڕاوەستابوو. کە تاوێک لە شۆفێرەکە ڕاما، لاتەنیشت و باسکی بینی کە خوێنیان لێ دەهات.

گوتی: گوللەت پێ کەوتووە؟

شوفێرەکە گوتی: بەس چەند دانەیەک.

دیسان پێ کەنی. ئەمجارە ددانەکانیشی لێ دیار کەوتن کە نیوەیان نەمابوون و گوپیشی ئەوەندەی گوللەی ژێسێیەک کون بووبوو. لە کورسییەکەی ڕوانی کە خوێناوی بوو و خوێنێکی ڕەش لە لایەکیەوە دەتکا. پۆستاڵی لە پێدا نەبوو و هەر بە پێخواسی لێی دەخوڕی و پێ دەکەنی.

گوتی: گەرمە.

شوفێرەکە گوتی: ئادی. دەستگیرەت بدەمێ جامەکەی لای خۆتی پێ داگری؟

تماشای دەرگاکەی لای خۆی کرد، کون کون بوو و شووشەی پێوە نەبوو.

گوتی: نا.

شوفێرەکە گوتی: چوار شەوە نەخەوتووم. هەر خەریکی لێ خوڕینم، دەچمە ئەندیمەشک و دیسان دێمەوە بەرەی شەڕ. دەزانی لە بەرەی شەڕدا فێری لێخوڕین بووم؟

گوتی: بەڕاست؟

کە شوفێرەکە ڕووی تێ کرد، چاوی چەپیشی بینی کە خوێنی لێ دەهات.

## سێ

شوفێرەکە لە بەردەم بنکەی عەبدالخان، پێی لە ستۆپ نا و ئیڤایەکە ڕێک لە بەرامبەر ئینزیباتێک ڕاوەستا. دنیا خەریک بوو تاریک دەبوو. ئیڤایەکی تر و چەند جێبێک لەوێ بوون و بیست سی سەرباز و پلەداری سوپا لە ئەفسەرێک هالآبوون و غەڵبەغەڵبیان دەهات.

ئینزیباتەکە دیاربوو شوفێرەکەی دەناسی. گوتی: تۆ بڕۆ، ڕامەوەستە.

پاشان بە مورتەزای گوت: تۆ دابەزە.

کۆڵەپشتەکەی لەبەر پێی دانا و گوتی: دەی، با دابەزین.

ڕاوەستا تا لە پێشدا ئەو دابەزێ. پاشان خۆی هەڵدایە خوارەوە. کە ئینزیباتەکە رووی تێ کرد، پەڕە شینەکەی دەرهێنا و پێشانی دا.

گوتی: من سەربازییەکەم تەواو بووە سەرکار.

ئینزیباتەکە چەکەکەی دەستاودەست کرد و پەڕە شینەکەی لێ وەرگرت. چاوێکی سووکی پێدا هێنا و گوتی: ئەمە چییە؟

گوتی: بەڵگەی تەواوکردنی خزمەتی سەربازی و... ئەمەش مۆری...

ئینزیباتەکە پەڕە شینەکەی دڕاند و پاڵێکی توندی پێوە نا و گوتی: بڕۆ ئەولا.

ئاماژەی بۆ ژوورێکی بچووک کرد.

گوتی: بە خوا سەربازییەکەم تەواو بووە سەرکار.

ئینزیباتەکە گوێی نەدایێ و بەرەو ئۆتۆمبێلێکی تر ڕۆیشت.

دانەوی و پارچە کاغەزەکانی کۆکردەوە. شوفێرەکە ئاماژەی بۆ کرد کە سوار بێت. بە ترسەوە چاوی بە دەوری خۆیدا گێڕا: هەموو دەنگەدەنگیان بوو و ئەفسەرەکەش دەستی هەڵدێنا و دادێنا و هاواری بەسەر ئینزیبات و سەربازەکاندا دەکرد و ئۆتۆمبێلە تازە گەیشتووەکانیش هۆڕنیان لێ دەدا و ئوتۆمبێلێکی تریش پاش و پێشی دەکرد تا بسووڕێتەوە و تەپوتۆزی وە هەوا دەخست و قەرەباڵغتر دەبوو.

کە سوار بوو، شوفێرەکە خێرا بە ڕێ کەوت.

گوتی: تەقەمان لێ نەکەن؟

لە پشتەوە دەستڕێژیان لێ کرا. ئیڤاکە تەکانێکی خوارد و سەرلەنوێ بە ڕێ کەوتەوە. شوفێرەکە گوتی: مەترسە. گوللەکان بە کونەکاندا تێ دەپەڕن.

گوتی: وایان دەزانی هەڵاتووین دوامان نەکەون؟

شوفێرەکە داچەمیبووەوە و سوکانەکەی بە دەستە خوێناوییەکانی گرتبوو و تماشای پێشی خۆی دەکرد. پاشان لەسەرەخۆ گوتی: دایە... لە کوێی دایەگیان؟

## چوار

– مەیکە هەرا، قل قل دایاننێ سەر مێزەکە... سیلاع.

– چی؟

– سیلاع.

– فەرموو.

– ساجۆر.

– فەرموو.

– فیشەکان دەربینە.

– بەتاڵە.

– لۆ لە گیرفانت داتنایتە؟

– هەر بۆ فشە و ئیحتیات. بیانژمێرە کەم نەبن. نۆزدە فیشەکن.

– لۆ نۆزدەن؟

– پێم گوتی نۆزدەن.

– دەبی چل بن.

– کوڕە ساجۆرێکیان هەر بەتاڵ بوو. گوللەیەکیشم بە دووپشکێکەوە نا. ئەرێ بەڕاست، "سیا" نەهات حیسابەکەی ساف بکا؟

- "سیا" کێیە؟

- نازانی کێیە؟ سیاوەش. ئەو کوڕەی زمانی دەگیرێ.

- ئاها... ئەو زووتر هات. لە تۆ زیرەکترە. فیشەکدان.

- فەرموو... نەتنووسی.

- دەنووسم.

- بینووسە. دەنا لەبیرت دەچێ و پاشان دەڵێی نەمداوەتەوە... ها... تماشای چی دەکەی؟

- ئەوە پینێکی کەمە.

- ئەوە قۆنتاخەکەی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە پیمی نەبوو.

- نابیتن، دەبێ جەزای بدەی.

- واز بێنە سەرگرۆبان. بە تەمای بۆ پیمێک ڕام گری؟

- دە ئیمزای ناکەم.

- بە خوا شەڕم پێ دەفرۆشی.

- بە خودای ئیمزای ناکەم.

- چەک بە (چ) دەنووسرێ نەک بە (ج).

- بە ڕاستیتە؟ درۆم لەگەر نەکەی.

- کوڕە پێت دەڵێم بە (چ) دەنووسرێ.

- ئەدی لۆ پێ دەکەنی؟ پێمەڕەی ئاسن.

- فەرموو... ئەوەش پێمەڕە.

- سەبر... لەولای دانێ... لێرە... دەستیش لەوانە مەدە.

- لەوانەت نەداومەتێ ها.

- دەرێم دەستی لێ مەدە. بەر دەبیتەوە.

- هیی خۆمان نییە؟

– نا. هێشتا ئەمری نەهاتووە.

– ئەی کەلوپەلی ئەم چوار مانگەم؟

– پاشان وەرە وەریان بگرە.

– پاشانی چی؟ ئەوە تەواو بووم و دەڕۆم.

– باشە بڕۆ لە سەربازخانە وەری گرە.

– بەڵێ، ئەوانیش بۆیان حازر کردووم و دەمدەنێ.

– لایت.

– لایت لە سەنگەردایە.

– بڕۆ بینە.

– ئەرێ خـــۆ تەسلیـــمی منت نەکـــردووە. داوتە دەست بەرپرسی سەنگەرەکەمان.

– بڕۆ بینە. دەنا ئیمزای ناکەم.

– هەر دەڵێ بیهێنە بیهێنە. کوڕە من وەرم نەگرتووە.

– کۆڵەپشت.

– کـۆڵەپشـتـەکـەمت بدەمێ، ئەی کـەلوپەلەکانی خـۆم لە چی بنێم؟ خـۆ کۆڵەپشت تەسلیم ناکرێتەوە... سەیری چی دەکەی؟ ها؟ حەیف کە بە پێمەوە نووساون دەنا دام دەکەندن و بە نەعلەوە دەچوومەوە.

– لە خوارێ داینێ. ئەو زمانەگایە بە کەڵکی چم دێتن؟

– تۆ تەماع لە کەری مردووش دەکەی.

– ئەمن تەماحی لە کەری مردی دەکەم، یان ئەو کوڕە تارانییەی خۆتان، کە لەو دەشتەی...

– ئەو کوڕە فڕی بەسەر منەوە نییە. هی سەنگەرێکی ترە.

– ئەویش تارانییە.

– دەڵێم ئاگات لە خۆت بێ ها، ئەو هێشتا مانگێکی ماوە تەواو بێ.

– ئەدەبسز... پێ مەکەنە... ئەدی قەمسەڵە؟

– قەمسەڵەی چی؟ خۆ لێرە قەمسەڵەیان نەداینێ.

– ئەدی ئەوە چ بوو زستانێ لەبەرت دەکرد؟

– بە خوای زاڵمی، کوڕە بە پارەی خۆم کڕیومە.

– ئەمن کڕیتە و نەتکڕییەی نازانم. دەبێ تەسمیلی بکەیەوە.

– جارێ با پێت بڵێم ئەو قەمسەڵەیە کۆریاییە... پاشان... چییە مرخت لێی خۆش کردووە؟

– ئەوها مەکە... کوڕە بەری دە، بەری دە دەدڕێ.

– دەی ئێستا تەواو؟

– ئەدی مەتارە؟

– مەتارەت نادەمێ. مەتارە گاڵتە نییە.

– ئەمنیش ئیمزای ناکەم. نوچ. نایکەم.

– دیسان دەڵێ نوچ... ها... ئەم پێنجسەدییەم لێ وەرگرە و لێمی دەرکێشە. باشە؟

## پێنج

ئیڤا، بە کەندولەندەکاندا، هەڵتەک هەڵتەک، دەڕۆیشت.

کە پێچی کردەوە و بەرەو ڕێگا سەرەکییەکە بە سەر کەوت، شوفێرەکە گوتی: یا ئەبولفەزڵ... تماشا.

هەردوو لای جادە، پڕ بوون لە سەرباز. بێ چەک و جلوبەرگ و هیچ تەدارەکاتێک.

تا چاو بڕی دەکرد، هەر سەرباز و ئەفسەر و پلەدار بوون کە بە پێی پەتی و پانتۆڵی خۆڵاوی و فانیلەی چڵکنی سپییەوە بەو دەشتەدا بڵاو بووبوونەوە. هێندێکیان لە ماندویەتی و تینویەتیدا تخێڵی سەر زەوی بووبوون. هێندێکی تر نیوەڕووت بوون و تەنیا چەفییەیەکیان لە سەر هاڵاندبوو تا بەرگەی گەرما بگرن. چەند سەد، یان چەند هەزارێکیش لە ڕیزی ناڕێکدا بەرەو ئەندیمەشک کەوتبوونە ڕێ.

لۆرییەک، سەبرسەبر، دەڕۆیشت و دوو کەسیش کە جلوبەرگی سەوزیان لە بەردا بوو، تفەنگیان لەمبەروئەوبەری ڕێگاکە هەڵدەگرتەوە و هەڵیان دەدایە ناو لۆرییەکەوە.

کە ئیڤاکە بە پەنا لۆرییەکدا تێ پەڕی، نە ئەو و نە شوفێر، زاتیان نەکرد ئاوڕ بدەنەوە. گوتی: ئاوڕ مەدەوە "سیا".

پاشان لە ئاوێنەی تەنیشتیەوە، لۆرییەکەی بینی کە بچووک و بچووکتر دەبووەوە.

کەمێک لەولاتر، دیسان چەند کەسێک ڕاوەستابوون و جارناجار دەستێکیان هەڵدێنا، بەڵکو ئیڤا ڕای بگرێ و سواریان بکا.

سەرهەنگێک کە دوگمەکانی کراسەکەی لێک ترازابوون، سەری داخستبوو و بێ ئاگا لە دەوروبەر، خەریک بوو لە جادەکە دەپەڕییەوە. فانیلەکەی تا نیوەی ورگە زلەکەی تەڕ بووبوو و شۆڕەی بەستبوو. ئەستێرەکانی سەرشانی خوار بووبوونەوە. دوو سێ کەسیشی بە دواوە بوون و بە پرچە سپی و تەنکەکەیانەوە دیار بوو کە ئەفسەر و پلەدارن.

جێبێک کە بۆدییەکەی هەڵدرابووەوە، لە تەنیشت جادەکە، لارەمل ڕاوەستابوو و بیست سی کەسێک لەبەر سێبەری دانیشتبوون و سەریان خستبووە سەر شانی یەکتر و چاویان داخستبوو.

پاشان چەند شەرواڵ خاکییەک هاتنە چەقی جادەکە و چەپ و ڕاست دەستیان بەرەو ئیڤاکە هەڵێنا.

گوتی: ڕای دەگری؟

شوفێرەکە ناچار بوو ڕای بگرێ. هەر کە پێی لەسەر ئستۆپەکە داگرت، بە ئیڤاکەدا هەڵگەڕان. یەک دووانێکیش هەوڵیان دا لەسەر کورسییەکەی پێشەوە دانیشن، بەڵام جێی هەردووکیان نەبوو و یەکیان جێی خۆی خۆش کرد، ئەوی تریان خۆی بە دەستگیرەی دەرگاکەوە گرت و ئیڤا بە ڕێ کەوت.

لە ئاوێنەی تەنیشتیەوە، سەربازێکی بینی کە دالەنگابوو و هەوڵی دەدا شوێنی خۆی قایم بکا، بەڵام دەستەکانی لێک ڕاکێشرابوون و پەنجەکانی پێی بە جادەکەدا دەخشان.

سەربازەکەی تەنیشتی قسەی نەدەکرد و بەس لە جادەکەی بەردەمی دەڕوانی. پێستی ڕوومەتی خۆڵاوی بوو و لێوەکانی لە تینویەتیدا هەڵمسابوون. پاشان، سەبرسەبر، سەری خستە سەر شانی ئەم و چاوی لێک نا.

شوفێرەکە گوتی: تینووە. سێ ڕۆژە دەمی لە ئاو نەداوە.

کە تماشای ئاوێنەکەی کرد، جادەکە تاریکتر بووبوو. سەربازە دالەنگاوەکە هەر لە ناکاو دەستەکانی بەردران و با لەگەڵ خۆی بردی. سەری وەرچەرخاند و سەربازەکانی تری بینی کە بەسەر یەکدا و لە پاشەوەی ئیڤاکەدا کەڵەکە بووبوون و دیار نەبوو ئەو هەموو دەست و لاقە هی کامیانە.

شانی سڕ بووبوو. گوتی: خەوی لێ کەوت.

شوفێرەکە گوتی: وا بزانم مردووە.

پاشان پێی لەسەر بەنزین هەڵگرت، داچەمییەوە و دەرگای لای ئەوی کردەوە. دەستی خستە سەر شانی سەربازە بێگیانەکە، لە ژێر لێوەوە ورتەیەکی کرد و پاڵێکی پێوە نا و سەربازەکە کەوتە خوارەوە. دەرگاکەی داخست و سەرلەنوێ بە هەردوو دەست سوکانەکەی گرت.

واقوڕماو گوتی: بینیت "سیا"؟

کە دیسان سەیری ئاوێنەکەی کرد، جادەکە تاریک بووبوو.

## شەش

«مورتەزا...»

ئێشکچیی شەو بانگی کرد. ڕاپەڕی. شەوانی ئێشکگری، هەر بە جل و پۆستاڵەوە دەخەوت. بەتانییە سەربازییەکەی لا دا و لەسەر لێواری تەختەکە دانیشت. فانۆسەکە داگیرسابوو و دووکەڵی دەکرد. تماشای سەعاتەکەی کرد. پێنج خولەکی مابوو بۆ دوو. فانۆسەکەی لە گوڵمێخەکە کردەوە. ئاگرەکەی نەختێک کز کرد و سەرلەنوێ هەڵی واسییەوە. قەمسەڵە کۆرياييیەکەی لە بەر کرد. ژێسێیەکەی لە شان کرد و لە سەنگەرەکەی دەرکەوت.

باکە سارد بوو. یەخەی قەمسەڵەکەی هەڵدایەوە و بەرەو چەکخانە ڕۆیشت، کە لە پشت قوتکەکەیانەوە بوو. ئێشکچییەکەی بەر لە خۆی بینی کە لە دوورەوە دەهات. گوتی: نهێنیی شەو، شقارتەیە. ئەوسا بەرەو سەنگەرەکەیان ڕۆیشت تا بخەوێ.

دەوروبەر ڕووناک بوو. تماشای ئاسمانی کرد. مانگ پڕ بوو، بەڵام یەکێک لە پەڵەکانی ڕەش هەڵگەڕابوو.

هەر لەوێ و لە بەردەم کانتینێرەکە دەستی بە هاتوچۆ کرد. چەند جارێک ئەمسەر و ئەوسەری کرد تا کەمێک گەرمی ببێتەوە. پاشان بەرەو دەوەنێک

ڕۆیشت و بە سەرنێزە خاکەکەی دەوروبەری لا دا و کیسەیەکی نایلۆنی دەرهێنا. کتێبی «ڤیتاری خوێنتکێن»ی لە نایلۆنەکەی دەرهێنا و گەڕایەوە شوێنی خۆی و هەر بە پێوە پاڵی بە کانتینێرەکەوە دا و ئەو شوێنەی کردەوە کە دنکەشقارتەیەکی لەنێوان لاپەڕەکاندا دانابوو. لە سەرەتای بەشی شەشەمەوە دەستی بە خوێندنەوە کردەوە:

«مانگ بە ئاسمانەوە نەبوو و تاریکایی نیشتبووە سەر دەشتەکە. سەربازەکە لەنێو کوللەدا خەوتبوو. فانیلەیەکی سپیی لە بەر بوو و لاقێکی لە ژێر چەرچەفەکەوە دەرکەوتبوو. بایەکی گەرم دەهات و بەو ناوەدا دەخولایەوە و دەڕۆیشت... مێشوولەیەک لەسەر باسکی سەربازەکە هەڵنیشتبوو و خوێنی دەمژی. سەربازەکە خۆی وەرگێڕا و مێشوولەکە لەسەر باسکی هەڵفڕی و لەسەر ملی هەڵنیشتەوە.

تارماییەکی ڕەش لێی نزیک کەوتەوە. سەربازەکە خەوتبوو. حەپەی سەگەکان لە دوورەوە دەهاتە بەر گوێ. دەستە ڕەشەکان، چمکێکی کوللەیان لە ژێر دۆشەگەکە دەرکێشا. سەربازەکە خەوتبوو. دەستەکان خزانە ژوورەوە...»

دەنگێکی بیست. کتێبەکەی داخست و داینایە بەر پێی. چەکەکەی لە شانی داگرت. دەستی لەسەر میلی چەکەکەی بوو. چەند هەنگاوێک بەرەو قوتکەکەیان ڕۆیشت. حەپەی سەگەکان لە دوورەوە دەهاتە بەر گوێ. هەستی کرد تارماییەک لەو دوورانەیە. کە چاک لێی ورد بووەوە، شتێک جووڵایەوە. بەڵام خشپەی لە لایەکی ترەوە دەهات. تاوێک ڕاوەستا. هیچ دەنگێک نەبوو، تارماییەکەش جووڵەی نەدەکرد.

گەڕایەوە شوێنی خۆی. کتێبەکەی هەڵگرت و لاپەڕەکانی هەڵدایەوە تا گەیشتە ئەو شوێنەی کە خوێندبوویەوە:

«قورگی سەربازەکە، بە گوشارێکی لاتیلی سەرنەیزە، هەڵدڕا. خوێن فیچقەی کردە سەر فانیلە سپییەکەی. دەستێکی تری ڕەش، لەسەر زاری

سەربازەکە بوو تا دەنگی لێوە نەیێ. لاقەکانی سەربازەکە کەوتنە لەرزین و پاشان لە جووڵە کەوتن. چەرچەفەکە خوێنی هەڵمژی.

کە دەستەکان لە کوللە چوونە دەرەوە، خوێن لە لێواری تەختەکەوە دەتکایە سەر خۆڵی گەرمی شەو و شقارتە بەتاڵەکەی تەنیشت پێچکەی تەختەکە...»

دیسان دەنگێکی بیست. کە وەرچەرخا، کتێبەکەی لە دەست بەربووەوە. بە پەلە گەڕایەوە و چەکەکەی بە هەردوو دەست گرت. ویستی بڵێ بوەستە، بەڵام نەیگوت. میلەکەی ڕاکێشا و قایشی ژێسێیەکەی لە دەستی هاڵاند. هەڵدەلەرزی. زامینەکەی بە پەنجە بەرەڵلا کرد و سێرەی لێ گرت. لەو سەرمایەدا پەنجەکانی ڕەق بووبوونەوە. لە بازنەی سێرەگرتندا پیاوەکەی بینی کە بەرەو ئەو دەهات. بە پێخواسی و فانیلەیەکی سپییەوە.

دەنگی هەڵبڕی: نهێنیی شەو؟

پیاوەکە هیچی نەگوت. هەروا بەرەو لای دەهات.

هاواری کرد: نهێنیی شەو؟

پیاوەکە نزیک بووبووەوە. ئێستا دەیتوانی سیمای بۆز و پەڵەکانی سەر فانیلەکەیشی ببینێ.

پیاوەکە هات، سەبرسەبر، لێی نزیک بووەوە و لە لایەکەوە دانیشت.

ئاوی دەمی قووت دا. چەکەکەی شۆڕ کردەوە و لە پیاوەکەی ڕوانی، کە چاوی لێک نابوون.

پیاوەکە جگەرەیەکی خستە سەر لێوی و بە ئاماژەی دوو پەنجە، داوای شتێکی کرد. ئەو لێی تێ نەگەیشت. پیاوەکە شقارتەیەکی بەتاڵی لە گیرفانی شەرواڵی دەرهێنا و پەنجەی بە لێواری شقارتەکەدا هێنا.

گوتی: نیمە... جگەرە ناکێشم.

لە ناکاو بە بیری هاتەوە. گوتی: ڕاوەستە.

لەسەر چیچکان دانیشت و لەپی بە خاکەکەی بەردەمیدا هێنا و دنکەشقارتەکەی دۆزییەوە کە نیشانەی کتێبەکەی بوو.

دنکە شقارتەکەی وەرگرت و جگەرەکەی داگیرساند. قومێکی لێ دا و بە چاوی قووچاوەوە سەری هەڵێنا و دووکەڵەکەی هەڵمژی.

دووپشکێکی ڕەشی بینی کە خەریک بوو، سەبرسەبر، بە باسکی پیاوەکەدا هەڵدەگەڕا. دووپشکەکە وێستەیەکی کرد. کلکی خوار کردەوە، بە باسکی سەربازەکەیەوە دا و خۆی کەوتە خوارەوە.

پیاوەکە جووڵەی نەکرد. کە زاریشی کردەوە دووکەڵی لە دەم دەرنەهات.

کە قومی دووهەمی لە جگەرەکەی دا، هەستایە سەرپێ و شقارتەکەی خستە ناو گیرفانی و بەرەو قوتکەکەیان ڕۆیشت. دەنگێک لە لایەکی ترەوە هات. کە سەری وەرچەرخاند، پیاوەکە دیار نەبوو.

کتێبەکەی هەڵگرت و لێکی کردەوە. سەیری سەعاتەکەی کرد. سێ و پەنجاونۆ خولەک بوو. کتێبەکەی خستەوە ناو کیسە نایلۆنەکە و لە بن هەمان دەوەندا شاردییەوە.

لە دوورەوە سیاوەشی بینی کە بەرەو ڕووی دەهات تا ئێشک بگرێ.

سیاوەش گوتی: م م م ماندوو نەبی.

گوتی: من خەوم نایێ. تۆ ئەگەر تاقەتت نییە بڕۆ، من لەجیاتی تۆ ڕادەوەستم.

سیاوەش گوتی: ن ن ن نا هاوڕێ گیان.

دەستێکی لە شانی سیاوەش دا و بەرەو سەنگەرەکەیان ڕۆیشت.

سەری هەڵبڕی و لە ئاسمانی ڕوانی. لە ئاسماندا دوو مانگی بینی کە تێکەڵی یەکتر دەبوون و جیا دەبوونەوە.

## حەوت

شوفێرەکە لە پێش چایخانەیەکی نێوان ڕێگاکە ڕای گرت. ئیڤاکە فیشکەیەکی کرد و کوژایەوە. هەردووکیان دابەزین و بەرەو چایخانەکە ڕۆیشتن. شوفێرەکە دەستێکی بە کەمەریەوە گرتبوو و بە لارەلار دەڕۆیشت.

لە تەنیشت دەرگای چایخانەکەوە، بەرمیلێک دانرابوو. بە خەتێکی درشت لەسەری نووسرابوو «گازوێل». گونییە ڕەژوویەکیش لە پاڵ بەرمیلەکەوە دانرابوو، لەگەڵ خاکەنازێکی سوور کە دەمەکەی ڕەش هەڵگەڕابوو.

هەر کە چوونە ژوورەوە، چاوی بە ڕیزی نێرگەلە قەجەرییەکان کەوت کە بەڕیز دانرابوون و دووکەڵ و قوڵتەقوڵتی دەماودەمیان بەرز بووبووەوە. هیچ کەس ئاوڕی لێیان نەدایەوە. زۆربەیان چەفییەیان لەسەر بوو و ڕیشە سپی و تەنکەکانیان دەبریسکایەوە.

شوفێرەکە لە پشت مێزیک دانیشت و ئاماژەیەکی بۆ ئەو کرد، تا لە کوێ پێی خۆشە، دانیشێ. کۆڵەپشتییەکەی لە تەنیشت پێچکەی مێزەکە دانا و ڕووبەڕووی شوفێرەکە دانیشت. پاشان کورسییەکەی تەنیشت خۆی کێشایە دواوە و گوتی: دانیشە، سیا.

زۆربەی پەنجەرەکان جامیان شکابوو، ئەوانەیش کە نەشکابوون، چەپ و ڕاست لەزگەیان لێ درابوو.

شوفێرەکە گوتی: چی دەخۆی؟

لە ژێر مێزەکەوە دەستێکی بە گیرفانیدا هێنا و گوتی: هیچ. زۆرم برسی نییە.

شوفێرەکە گوتی: چۆن؟ هەر هیچ نەبێ چایەک.

ئەوسا ڕووی لە پیرەمێردی نێرگەلەچی کرد کە لە تەنیشت مێزێک و بە دشداشە ئاودامانەکەیەوە خەریکی داگیرساندنی نێرگەلەیەک بوو. داچەمابووەوە و بە هەناسەی کزەوە پشکۆکانی دەگەشاندەوە. گوتی: ئاگایەکت لێمان بێ، عەبدولقادر.

پیرەمێردەکە گوتی: فەرموو برام، سەر چاوان و سەر سەران.

شوفێرەکە گوتی: بیست هێلکە و قاپێک ماست و دوو چا.

بە شوفێرەکەی گوت: دەستت ناشۆیت؟

شوفێرەکە بە دەنگی بەرز پێ کەنی.

ئەم هەستا و بەرەو ئاودەستخانەکە ڕۆیشت. کە پەردە برێژێنتییە چڵکنەکەی لا دا، بۆنی میزی بە لووتدا هات. هەناسەی لە سینگیدا ڕاگرت و چووە نێو یەکێک لە ئاودەستەکان کە بەتاڵ بوو. هەوڵی دا تماشای بەرپێی نەکا. هەروا بە پێوە ڕاوەستا و دوگمەکانی پانتۆڵەکەی کردنەوە.

چاوی بە نووسراوەکانی سەر دیوارەکەی بەرامبەری کەوت. «قەدەمعەلی جەبار، سەرباز، لە سەبزەوارەوە ۱۹۸٤/۸/۹» «بەرەو لێژی غلۆر بوونەوە» «خۆشەویستی کۆترێکە بە دوو باڵەوە باڵێکیان دڵدەر و ئەویتریان دڵبەر» «دەمخۆش برای بابم» «فڵتە فڵت مەکە، برا» «تا بەقدا هێندەی نەماوە» «خۆت بگوشە با چاوت بکرێتەوە» «محەمەد عەبدوڵلازادە ۱۹۸٦/٥/۸» «ئێمە ڕۆیشتین و ئەوانی دیش بە گونی چەپی ئەسپەکەی حەزرەتی عەباس»

تاقەتی نەما. هەناسەی بەردا و بەپەلە هاتە دەرەوە. دوگمەکانی پانتۆڵەکەی داخست و بەرەو مێزەکەی خۆیان ڕۆیشت.

پشتی شوفێرەکەی لێ دیار بوو کە بەسەر تاوەکەدا چەمابووەوە و پارووی بە دەستەوە بوو. کە دانیشت، شوێنی پەنجە خوێناوییەکانی شوفێرەکەی

لەسەر نانە تیرییەکە بینی. شوفێرەکە گوتی: دڵنیایت کە ناخۆیت؟

گوتی: بەڵێ.

شوفێرەکە هاواری کرد: زایر، چایەکەمان چیی لێ هات؟

پیرەمێردەکە بە دوو پیاڵە چایەوە هات. پیاڵەکانی بە دەستێکەوە بوون. گوتی: فەرموو برام، تازە دێمە.

تماشای قەندان و ئەو هەموو مێشەی کرد کە لەسەر قەندەکان هەڵنیشتبوون و سپیەتییان دیار نەبوو. دەستی هەڵێنا تا هەم مێشەکان دەر بکا و هەم کلۆیێک هەڵگرێ، بەڵام چەند مێشێک نەبێت ئەوانی تر جێی خۆیان بەر نەدا. دەستی کێشایەوە و چایەکەی بە بێ شەکر خواردەوە. کە تماشای مێزەکەی تەنیشت خۆیانی کرد، پیاوێکی بینی، تماشای دەکرد. پیاوەکە خەریک بوو قەندەکەی لە ژێرپیاڵەیەکدا بە پەنجەی دەستی دەتواندەوە. کە نیگایان بەر نیگای یەکتر کەوت، پیاوەکە پێ کەنی و ددانە تاکەوتاک ڕەشەکانی دەرکەوتن.

شوفێرەکە مرەیەکی کرد و تاوەکەی لابرد. تاوەکە بەتاڵ بوو و تەنیا پەڵەی زەرد و سپیی هێلکە بە لێوارەکانیەوە مابوو.

پیرەمێردەکە ڕۆیشت و تەلەڤیزیۆنی پێ کرد کە لەسەر چوارپایەیەک دانرابوو. کە گوتی وس... هەر لە ناکاو نێرگەلەکان قولتەقولتیان لێ بڕا. مەلایەک کە ڕیشی نەبوو، لە تەلەڤیزیۆندا قسەی دەکرد. نارەحەت دیار بوو، بەڵام جارجار سووچێکی لێوی بەرز دەبووەوە. تێکڕا گوێیان لێ دەگرت. مەلا دەیگوت: جا ئەمە شەڕە نەک ئەوەی شوکر بۆ خودا سەرکەوتن گرنگ بێت گرنگە بەڵام ئێمە هەر لە سەرەتاوە چونکە خۆتان دەزانن هەر ئێوە خۆتان جەنگاوەری خۆمان چ گیانفیداییەک کرا پاش تۆپ و هاوەن و دەی چەندە کیمیاییان پێدا کردین کە نەکا خۆمان بڵێین نە کەربەلا و نە خودی پێنجسەد و نەوەد و هەشت کە قەبووڵی بکەین جەنابی خاوەر پرێزیش کە گوتوویەتی دەستی پێ کردووە لە سەرەتاوە بە دڵنیاییەوە ئێمە نەبووین پاشان هەر لێیان داین و ئەم هەموو کاولکارییە هەر بەڕاست ئەم هەموو ماڵ و حاڵە

خۆتان دەزانن چاڵە نەوتەکانمان ئیتر بەسە ئەم هەموو شەهیدە کە سپاس بۆ خوا ئێمە قەتاوقەت زوڵمـمان قەبووڵ نەکرد ئازاری هەیە بەرژەوەندی لەوەدا نەبوو مەگەر ئەوەی...

تاوێک وێنەی تەلەڤیزیۆنەکە ڕۆیشت و سەرلەنوێ هاتەوە. گوتی: جا ئەگەر سەردەمایەک قەبووڵ بکەین کە ئێمە ناچار بن ئەوە ئیتر بۆ ئێمە هەموو شتێکە کەوا قەبووڵ بکرێ ئێمە هەر لە دەسپێکەوە خۆتان دەزانن کە گوتمان نیمانە نەک خوانەکا ئەم هەموو ئاشتییە ناکرێ هەر شەڕ و پێکدادان پاشان سەردەمێک ئاشتیی تەواو دەبێ ئێمەش دەڵێین قەبووڵمانە.

لە ناکاو کارەبا ڕۆیشت. دەنگی ئاژیری سوور بەرز بووەوە و بە دوای ئەویشدا دەنگی دۆشکە هات. پیرەمێردەکە پەردەیەکی دادایەوە و شقارتەیەکی هەڵگرت و فانۆسێکی داگیرساند کە لەسەر پێشخانەکە دانرابوو.

شوفێرەکە گوتی: جا نێرگەلەکێشان خۆشە.

پیرەمێردەکە نێرگەلەی هێنا، شوفێرەکە لەبەر ڕووناکاییی کزی فانۆسەکە سۆندەی نێرگەلەکەی خستە نێوان هەردوو لێوی و ئاوی نێرگەلەکە قوڵتەقوڵتی کرد.

بە شوفێرەکەی گوت: درەنگ نەکەوین؟

شوفێرەکە هیچی نەگوت.

لە تاریک و ڕوونی چایخانەکەدا، وێنەیەکی لە چوارچێوە گیراوی بینی کە بە دیوارەوە بوو. لە ناکاو کارەبا هاتەوە. دەنگی شەجەریان تێکەڵی قوڵتەقوڵتی نێرگەلەکان بوو.

تماشای شوفێرەکەی کرد. هەردوو چاوی لێک نابون و خەڵووزی سەر نێرگەلەکە دووکەڵی دەکرد. هێشتا سۆندەی نێرگەلەی بە دەمەوە بوو و لە سووچی لێوەکانیەوە خوێن دەتکایە خوار و ئاوی نێو نێرگەلەش سوور هەڵگەڕابوو.

لە چایخانەکە هاتە دەرێ، لە تاریکیدا و بە پێیان بەرەو ئەندیمەشک کەوتە ڕێ.

## هەشت

«گوێ بگرە مورتەزا من ئیدی بەرگە ناگرم دابڕاوم و ناتوانم بە خوا ناتوانم ئیتر تاقەتم بڕاوە مورتەزا بە گیانی دایکم هیچم پێ نەماوە و بڕ ناکەم بزانە خەریکین لە کوێ دەژیین لەنێو کۆمەڵێک دووپشک و پیسپیسۆک و مشک و مار و سەگی هار و هاوەن و بۆمبای کیمیایی و سندان و قوزەڵقورتدا مرۆڤەکانیش لە دەوریان گەڕێم سەرلەبەر گەوج و لادێیی و دەماغسز... هەر لە هیچە، ماڵە گەرم و نیانەکانی خۆمان بە جێ دەهێڵین و سواری پاسێکی حیز دەبین و چواردە پازدە سەعات ڕێگا دەبڕین و بە هەزار ناری عەلی دەگەینە باشوور و بنکەکانی سوپا و لەسەر جادەکان چاوەڕێی ئۆتۆمبێل دەبین و دەڕۆین و دەڕۆین و دەڕۆین تا دەکەوینە چاڵێکەوە کە پێی دەڵێن سەنگەر ئاخر کوێی ئەم کارە دەچێتە مێشکی مرۆڤەوە کە تۆ دەڵێی... فەرموو ئەمە یەکێکیان خەریکە ئەملاوئەولا دەکا تا یەکێکی وەک من و تۆی بۆ هەڵبکەوێت و پێوەی بدا تماشای کلکی بکە بە خوا مورتەزا هەموو شەوێک خەون دەبینم پیسپیسۆکێک لە بانۆچکەی سەنگەرەکەمانەوە کەوتووەتە سەر دەموچاوم کە پۆستاڵەکانم لە پێ دەکەم دەبێ سەدجار ئاودیویان بکەم نەکا وەک جاری پێشوو دەعبایەک چوزانم شتێکی تێدا بێ ئاخر بە دەست خۆم نییە دەترسێم قێزم دەبێتەوە دەترسێم هەر وەکو ئەسغەری قوڕبەسەر کارم بکەوێتە نەخۆشخانە و چەرمەسەرییەکانی ئیدی تاقەتم بڕاوە مورتەزا فەرموو

تماشای بکە بزانە چۆن خەریکە بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە تۆ نەیزەکەتم بدێ. بە خوا ناهێڵم لەم بازنەیە بچیتە دەرێ. ئێمەش عەوداڵ و سەرگەردان بە تفەنگێک و چەند فیشەک و ئەم نەیزەکە قۆڕەوە چاولەڕێین لەم دەشت و بیابانەدا کەسێکمان لێ دیار بکەوێ تا گوللەیەکی پێوە بنێین. ئاخر لە پێناو چیدا، تۆ تماشای کە، بە خودا ناهێڵم، بە خودا مورتەزا قسەکانت هەمیشە لە گوێمدا دەزرنگێنەوە بەڵام چی بکەم ئەم یەک دوو مانگەش هەر بۆ ئەوەی قسەت نەشکێنم مامەوە دەنا ئەو شەوە ئەگەر لە حەرەسایەتیدا نەتدواندبام هەر بە جارێ خۆم لە کۆڵی خۆم دەکردەوە بەڵام دیسان بە خۆمم گوت ڕاوەستە عەلی ڕاوەستە، تۆ لەگەڵ ئەوانی دی جیاوازی قسەکانت مورتەزا بە خوا بەردیش نەرم دەکەن چ جای نەخوێندەوارێکی وەک من هەرچەند تۆ سیاوەشت لە من خۆشتر دەوێ و ناشزانم بۆ بەڵام قەیناکا ئەویش کوڕێکی چاکە لەوانەیە هەر لەبەر ئەوە بێ کە پێکەوە هاوبنکە بوون من قەت لە خۆم ڕانابینم پاش ڕۆیشتنتان بەرگە بگرم یانی چی ئێوە بڕۆن و منیش سێ مانگی ڕەبەق لەم دەشتەدا تاک و تەنیا لەگەڵ ئەم گەجەروگوجەرانەدا بمێنمەوە نا ناتوانم ناتوانم. من وەکو ئەم دەماغسزانە نیم دەبینی چۆنی ڕادەبوێرن هەر بە سیخوڕی و کاسەلێسی و ماستاوساردکردنەوە عەبدوللازادەت دیوە چەندی شایی بە خۆیە بووەتە میرزا و بنووسی یەکەکەی خۆیان فەرموو ئەمەش سەنگەری گەڕ و گرۆێکان کە مرۆ ناتوانێ لە فرسەخێکیانەوە تێ پەڕێ هەموویان گڕوێن و خرت و خرت خۆیان دەخورێنن. دەڵێن چوار مانگیشیان بۆ زیاد کردووین کە بە ناو چوار مانگە دەنا تا ئەم شەڕە نەبڕێتەوە قەت وازمان لێ ناهێنن و وەک جەماعەتەکەی بەرامبەری خۆمان لێ دێ کە ماوەی سەربازییەکەیان پێنج ساڵە ئەو قوڕبەسەرانە سەری زۆربەیان سپی بووە تێکڕا پیر و پەککەوتە و خاوەنی کۆشێک منداڵن. مانگی پووشپەڕ کە بێت ئەتۆ و سیاوەش حسێبەکەتان تەخت دەکەن ئەی من چی من دەبێ لێرە بمێنمەوە تا پایز... نا ناتوانم... بۆ کوێ دەچی سەگی سەگبابخێو... چۆن دەهێڵم بەم ئاسانییە لە دەستم دەرچی؟... تۆ فیشەکێکم بدێ... بە قەبری

بابی سەرگرۆبانەکەمان سەرگرۆبان کوڕی چ ماکەرێکە... ئەم سەرەگوللەیەت دەوێ... هانێ با یادگاری من بێ ئاگات لێ بێ لە بنکە گیرت پێ نەدەن... شقارتەت پێیە؟... نا نا خۆم پێمە.... تۆ تماشای کلک و تەنی بکە لە خۆڕا نییە پێی دەڵێن دووپشک... دەزانی ئەگەر ئاگری لە دەوردا بکەنەوە و نەتوانێ لە بازنەکە دەرچێ چی دەکا؟... نازانی... سا سەیری کە.»

# نۆ

چەند خولەک جارێک، دەنگی تەقینەوەیەک دەهات و لە دوورەوە خاکوخۆڵی دەبینی کە چۆن بەرەو ئاسمان بەرز دەبوونەوە و پاش تاوێک هەموو شت وەکو خۆی لێ دێتەوە.

پێمەرەکەی فڕێ دا و ئارەقەی شانوملی بە چەفییەکەی وشک کردەوە. پاشان چەفییەکەی بە ئاوی مەتارەکەی تەڕ کرد و لە سەری خۆی ئالاند و کترییەکەی بۆ ئاوتێکردن برد.

دەرەوەی دەبابەکە لە بەر هەتاو گەرم داهاتبوو. شێرەی ئاوەکەی بە لەپ و قۆڵی کراسەکەی کردەوە و کترییەکەی پڕ کرد. پاشان هێنای و دوو بەردی لە بەرانبەر یەکتر دانا و بە دڕک و داڵ ئاگرێکی کردەوە و کترییە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی لەسەر بەردەکان دانا.

سیاوەش و عەلی و حەبیب و یەزدان لە پەنای سەنگەرەکەیانەوە خەریکی هەڵکەندنی کونەڕێوی بوون. یەزدان ددانی نابوو بە زمانی خۆیدا و توند و توند قولینگی دەوەشاند. حەبیب لەوانی دیی زیاتری هەڵکەندبوو و ئەگەر خۆی تێوەی چووبا تا ملی دەهات.

عەلی تەمبەڵ بوو. لەگەڵ دەرهێنانی هەر پێمەرە خۆڵێکدا ئارەقەی نێوچەوانی دەسڕی و تماشایەکی ئەوانی دیی دەکرد. سیاوەش داچەمابووەوە

و ئارەقــەی نێـوچاوانی دەتکایە بـەر پێی. پـەڕۆیەکی لـە دەســتی هـاڵاندبوو و دیاربوو پۆرگەکەی نێولەپی هێشتا دەکزێتەوە.

کە ئاوەکە کوڵا هـاواری کرد: کوڕینە وەرن. وەختی چاخواردنەوەیە.

هـەمـوویان پێخـواس بوون و پاڵیـان بە پێـمـەڕەکانیـانەوە دابوو و ئـارەقـەی سەر و ملیان دەسڕییەوە.

هەموویان پۆستاڵ بە دەست هـاتن، سیاوەش نەبێ.

گوتی: سارد دەبێتەوە ها؟

سیاوەش گوتی: ڕ ڕ ڕ ڕاوەستە ئێ ئێ ئێ ئێستا دێم.

خەریک بوو قوڕی پلوپێی پاک دەکردەوە تا گۆرەوییەکانی لە پێ بکا.

حەبیب گوتی: بڕۆنێ بڕۆنێ ئەو برادەرەمان چەندە وەسواسە.

هـاواری کرد: دە وەرە دەی.

سیاوەش گوتی: با قە قە قە قەیتانەکەی گ گرێ بدەم.

یەزدان پەرداخەکەی درێژ کرد.

کـتـرییـەکـەی لەســەر ئـاگـر هـەڵگرت و چای بۆ تـێ کـرد. یەزدان گـوتی: دەستخۆش.

ویستی کترییەکە بخاتەوە سەر ئاگر کە هەر لە ناکاو دەسکەکەی دەرهات و کەوتە سەر ئاگرەکە و پریشکی ئاگر هەڵبەزییەوە و ئاگر پریشکی دا و بوو بە دووکەڵ و گرمـەیەکی ترسناک هـات. هەمـوویان کەوتنە سەر ئەرز و لە ترسـان دەمـەڕوو مـانەوە و تـا خـاکوخۆڵەکە نەنیـشـتـەوە، چاویان نەکـردەوە. شـەپۆڵی تەقینەوەکە پەردەی گوێی لەرزاندبوو و سەری پڕ بوو لە بێدەنگی.

کە سەری هەڵێنا، سیاوەشی بینی لەسـەر زگ کەوتبوو. هەڵسایە سەر پێ و بە دەست و زاری کـراوەوە ڕای کـردە لای سـیـاوەش. دەیویست هـاوار بکا: سیا... هـاواریشی کرد، بەڵام دەنگی دەرنەهات.

سـیـاوەش بە دەمـدا کـەوتبـوو، وای، ئەو پەڕۆیەی لە دەســتی بەســتبـوو

خوێناوی بوو وای، تاکێک لە پۆستاڵەکەی کەوتبووە لایەک وای، وای، وای...

،

– بۆ کوێ دەچی مورتەزا؟

شەو، فانۆس بە دەست لە سەنگەر هاتە دەرێ و تا نیوەی لەشی چووە نێو ئەو کونەڕێوییەوە کە سیاوەش نیوەی هەڵکەندبوو. سەری هەڵێنا و تماشای ئەستێرەکانی کرد و لە مانگ گەڕا کە دیار نەبوو و دەشتەکەی تاریک کردبوو. ئاسمان ساف بوو بەڵام هەستی کرد باران تنۆک، تنۆک، تنۆک، دەتکێتە سەر دەموچاوی.

باران دای کرد و سەروملی و دەموچاوی تەڕ کرد. ئاوی باران لووزەوی برد و خۆڵی ئەو ناوەی کردە قوڕاو و بەرەو کەند و کۆسپەکان چوو. کونەڕێوییەکە بەرەبەرە پڕ بوو، قوڕاو هەڵکشا، هات، هات، هات و لە پاژنەی ساردی، لە ئەژنۆی سڕی، لە ڕانەکانی، تێ پەڕی و، کەمەری تەڕ کرد.

،

– وەرە دەرێ... مورتەزا بۆ خاتری خوا وەرە دەرێ... دە وەرە. توو گیانی سیاوەش وەرە دەرێ...

هەرچییەکیان کرد نەیانتوانی دەری بێنن. سەرگرۆبانیش کە ئەمی بینی، گوتی: واز لەمە بێنن.

پێنج شەو و پێنج ڕۆژ لەو حاڵەدا مایەوە. ئاسمانیش لەو پێنج شەوەدا، دەیباراند و گڵی لێ دەکردە چڵپاو و تا کەمەری تەڕ دەبوو.

شەوی شەشەم خەوی لێ کەوت و دیسان خەوی بەو ئەستێرکەوە بینی کە ئاگری گرتبوو.

کە چاوی هەڵێنا، مانگی بینی خەرمانەی سووری داوە.

## ده

فرمێسکی بە پشتی دەستەکانی سڕییەوە: با بڕۆین "سیا". وەرە با بڕۆین.

ملی جادەی گرت و بەرەو ئەندیمەشک ڕۆیشت. تا لە چایخانەکە دوور دەکەوتەوە، جادەکە تاریکتر دەبوو. پانتاییی جادە پڕ بوو لە قەوانەفیشەکی زەرد کە تاقە شتێک بوون ڕێگایان پێشان دەدا. هەر کە هەنگاوێکی هەڵدێنا، دەنگی قەوانەکان لەژێر پێیدا بەرزتر دەبیسترا. دانەوی و مشتێک قەوانی هەڵگرت و خستنیە ناو گیرفانەکانی لاتەنیشتی پانتۆڵەکەی.

ڕۆیشت و ڕۆیشت و ڕۆیشت. جادە چۆڵ و بێدەنگ بوو و هەر تەواو نەدەبوو. لە دوورەوە تروسکەیەک ڕووناکیی لێ دیار بوو بەڵام هەر دەڕۆیشت و نەیدەگەیشتێ.

لە نیوەڕێدا، چەند ورتەیەکی بیست. دەتگوت چەند کەسێک بەرەو ڕووی دێن، قسەیان دەکرد. هەنگاو بە هەنگاو، دەنگیان ڕوونتر دەبوو.

دەنگی ژنێک دەیگوت: ئەوە چوار مانگە خەبەرێکمان لێی نییە.

دەنگی پیاوێک دەیگوت: نە نامەیەک، نە تەلەفۆنێک، نە هەواڵێک.

دەنگەکان نزیکتر بوونەوە. دەنگی ژنێک دەیگوت: کەس نییە ئاوڕێکیش لە منی دایک بداتەوە. دیقم کرد. ئاخر کام دایک بەرگەی مردنی کوڕی دەگرێ؟

کام دایک؟

دەنگی پیاوێک وەڵامی دایەوە: شین و ڕۆڕۆ هیچ سوودێکی نییە.

دەنگی ژنێک هاواری کرد: با گوێیان لە دەنگم بێ. بهێڵە با هاوار بکەم. هەیرۆ، لە من ڕۆ.

دەنگەکان بە پەنایدا تێ پەڕین. ڕاوەستا و لە تاریکییەکەی بەردەمی خۆی ڕوانی، کەسی نەدی.

دەنگەکان دوور و دوورتر کەوتنەوە: هەیرۆ، هەیرۆ.

دیسان بێدەنگی.

دیسان کەوتەوە ڕێ. لە ماندوییەتیدا هەنگاوی بۆ هەڵنەدەهێنرا.

لە پشت سەریەوە زەنگی پایسکلێکی بیست. خۆی لا دا، تا پایسکلەکە تێ پەڕێ. زەنگەکە بە پەنایدا تێ پەڕی و دوور کەوتەوە.

دیسان بێدەنگی. قەوانێکی لە گیرفانی دەرهێنا، خستییە سەر لێوی و فووی پێدا کرد، فیق، فیق، فیق.

کەمێک لەولاتر، گوێی لە هەرا و گەمەی چەند منداڵێک بوو. منداڵەکان بە هاتوهاوارەوە ڕایان دەکرد و دەنگیان دوور و نزیک دەکەوتەوە.

کوڕیژگەیەک بانگی کرد: کاکی سەرباز، کاکی سەرباز، ئەو تۆپەمان بۆ هەڵنادەی؟

ڕاوەستا و ڕووی لە دەنگەکە کرد. تاریک بوو. منداڵەکان دەنگیان نەدەهات. پاشان دەنگی غلۆربوونەوەی شتێکی بیست. تۆپێکی سپی، سەبرسەبر، هات و لە تەنیشت پێی ڕاوەستا.

تۆپەکەی هەڵگرت و لە دەستی گرت. پاشان هەڵی دایە بەر پێی و شەقێکی لێ دا. دیسان هەراوهوریای منداڵەکان بەرز بووەوە، دەتگوت بە دوای تۆپەکەدا ڕایان دەکرد و دوور دەکەوتنەوە.

دیسان بێدەنگی.

## یازده

– ئەو کوڕە نوستووە؟

– ئەدی پرخەی دێ.

دەنگێکی گڕ گوتی: لە کووره زانید؟

دەنگ لە تەختەکەی سەرەوە بوو. بۆنی بۆیاغ و خرتەی فلّچە دەهات.

– ما توو نابینی لێڤا وی یا خار بووی؟

دەنگێک لە سەرخۆ گوتی: ئەی بۆچە خروپوف ناکا؟

– کوڕە پرخەی دێ. ئەتوو گوێ بگرە.

بێدەنگ بوون، دنکەشقارتەیەک گڕی گرت و بۆنی جگەرە، بە سەنگەردا خولایەوە.

– سەد دەفعە وتمە پیت لە ناو سەنگەرەگە واکس نەدە لی.

– کوڕە ئەمن ئەلێرەم. ئەوەتا لە بەردەرگام.

هاواری کرد: ڕاس ئێژێ تەممەڵ.

– بووش خەفەمان کرد.

خرتەی فلّچەکە دوور کەوتەوە.

– ئەدی ئەو گازە چیی لێ هات؟

– ئیسە تێرەدەی. حەتمەن لە ناو ئاشپەزخانەگە زەرف شورت.

– توو قوڵقوڵییەکەت دروس کە هەتیم. بووچە پوڵ سەنگەر ها وەدەست کێ؟

دەنگێک لە دوورەوە گوتی: بە دەست منە.

– پەس ئەیانە بشوورە.

دەنگەکە نزیک کەوتەوە: هیچ حەیبیان نییە و خاوێنن، وێمیان دە.

دەنگی جیرەی دەست لە نێو پەرداخ هات.

– هانێ. زۆریش خاوێنە، خاوێن نییە؟

ورتەیەک هات: خێرە دایکی تەمیسی کردگە.

– ئەو شیشە خەراپ نییە، سەرەکەی برەک خوار بکەوە. ها؟

– بێرەی پیم بزانم.

– هانێ.. دەتزانی ئەو کورە دیپلۆمی هەیە؟

– کێ؟ ئەو لاوولووسکە؟

– ئەرێ وەڵڵا یەکراست بردیانە بنکە.

– فزوول نەودن؟

– دووزمان بودن لە سەنگەرەگە دەرخەمە.

– لاوە هەتیم، زرتەزرت چە ئەکەی؟

– دەنگێک لە دوورەوە گوتی: ئەو جارەی بیکەیە شەڕ، یەکراست دەتنێرنە بەرەی پێشی پێشەوە.

– ئەی قومقومە هن کییە؟

– بابو من یێ لە جەبهەی ئینای. ما یێ باش نینە؟

– هین مردگ نەودن. خاس شوردیدەی؟

– دە دەفعە بە بووڵ شۆردگمە برا.

– ئەگە ناتانی وێمی دە ئەمن کونی بکەم.

– تەختی سەرەوە غژەیەکی لێوە هات و یەکێک هاتە خوارەوە.

– نە نە. یێ کون دبیت.

تەق، دەنگێک هات.

– کوڕە نەیشکێنی، بەس کونەکی تێ بکە و ئا.

– ئاخر کەرە وا کونا ئەکرگێ؟

– بڕیت؟

– ئەرێ ئەو پاتە لاوە بۆی کوشتمانی.

بۆنی گۆرەوی هات، تا لای تەختەکە.

– ئۆف، پێ دئێشیت.

پەڕۆیەک هەڵدڕا و شیڕڕڕ بوو بە دوو لەت.

– ئا بەمە بیوەسە بۆی، تەمیسە.

– ئەمن هەر خینێ ببینم لە جێی خۆم دەبووریمەوە.

دەنگێ پێیەک لە سەرەوە هات تاکو خوارەوە.

– سەلامون عەلەیکوم. هەموو لا باشن؟

– های لە کوورە؟

– مەنجەڵێک مابوو، دەبا بمشوتبا.

– دا بیە با ڕۆشنی کەم.

دەنگی گڕگرتنی دنکەشقارتەیەک هات و هەوا فششششێکی کرد. پاشان دەنگی فشەفشی گاز هات، گڕگڕ دەسووتا.

– عەریفی دگوت گڵۆپا مەفرەقێ یا هاتیە دزین.

– عەریف گووی باوکی خوارد.

– لینگە کەوش گومرکچی وە قەور باوکی.

– جگەرەیەکم لە متبەخ دزی.

– وینستۆنە؟

– ئەی چۆن. قومێکی لێ دە بزانە چۆنە؟

– ئەسلەن وە قومقومە نێود قوڵقوڵی خاس بکەی.

– ئابا گیان قولْقولْی وا دروس ناکریێ، خۆ مووشەک نییە، برا؟ لوولەیەک بکە بە بنیا و بینە ناو ئاو و...

– ئەم لوولە خودکارە باشە؟

– ئەدی، لوولەیەکی دیکەش لەم کونی تەنیشتەوە پاڵ دە ژووریێ، ئەوها... برای بابم.

– هەوا نەچتە ناوی؟

– عەوێزی زڕتەزڕت، ئەو کترییە ڕەشە بنە بان، با ئیسکانێ چای بخۆین.

– هشیار بە، دەسکێ کتری دەرنەکەڤیت.

پیاڵە و ژێرپیاڵەکان پێک کەوتن و بوو بە تەقەتەق.

– سەرەگووگردەکە بنە بانیەو با دووکەڵەکەی دەرنەچێ.

پیاڵەیەک کەوت، دوور نییە پەرداخ بووبێ، بە ژێرپیاڵەیەک کەوت و شکا.

– نەگۆمە، شکاندت ئاخیری؟

– ژ دەستێ مندا کەتە خار چ بکەم؟

– موازب لەبەکانی بە. تیزە.

– ما شیشە تلیا بڕی قەت د بڕیت؟

– دەی هەتیم واسە هۆشت لە جێگەی ترەو بێ.

یەکێک لە قاقای پێکەنینی دا.

دەنگی شیشێکی باریک، یان شتێکی تر، بە کەپسوولی گازەکە کەوت و هەموویان بێدەنگ بوون...

– دێ تێراکە، دا بو خوو بفڕین.

– دوو دووکەڵ سەنگین بگرە برا گیان، لەودوا کایەی لە تەکا بکە.

دەنگەکە قومێکی خەستی لێ دا. هەناسەی بە جارێک هەڵمژی و ڕای گرت و ئاوەکە قوڵتەقوڵتی کرد. بۆنی تریاک لە سەنگەردا خولایەوە و گەیشتە لای تەختەکان.

– نۆش گیان.

دیار بوو هاتە ئەملا و یەکێکی تر قومێکی لێ دا و دیسان هەمان قوڵتەقوڵت.

– قەزای ئەو جووزەجووزەیە بم.

دەتگوت کێشای و هاتە ئەملا و یەکێکی تر قومێکی لێ دا و دیسان هەمان قوڵتەقوڵت.

– قەشەنگ شکۆفیاگەسەو.

هاتە ئەملا و یەکێکی تر قومێکی لێ دا و دیسان هەمان قوڵتەقوڵت.

– دەنگ قوڵقوڵییەکە خوەش تێ.

– بگرەی دی، دوودەکە حەرام مەکە.

بۆنی تریاک ئەو ناوەی پڕ کردبوو، تەڵخ و نامۆ بوو.

– ئەو شیشە لۆ باش نایگریتن؟

– تامەکەی تاڵە.

کەوچکی چاخواردنەوە، سەبرسەبر، دەخولایەوە و بە لێواری پیاڵە دەکەوت و لەتە نەباتەکان، خرتوخرت، دەتوانەوە.

– چای نەباتێکی بۆ داکە.

دەنگەکان کز بوون.

– ئەو کوڕە چەی ناوە؟

– مورتەزا.

– دوو نەفەر بوون، خۆ؟

– ئەوی دیکەیان، ناوی سیاوەشە. چووە سەنگەرەکەی شەمس و کوڕەکان.

دەنگەکە نەرم و هێواش گوتی: خەفتگە؟

دەنگێکی تر گوتی: ئا... دی.

،

نەخەوتبوو.

## دوازده

ئەندیمەشک تاریک بوو. لێــرەولەوێ دیوارێک ڕووخـــابوو. بانێک ڕمـــابوو، دەرگایەک یان چوارچێوەی پەنجەرەیەک لە گرێژنە چووبوو و دارخـورمـایەک سووتابوو.

پێیەکانی وزەی هەڵێنانیان نەمابوو. ڕاوەستا. وردکەشـووشـە و لەتەئاسن لەو نـاوە کــەوتبـــوون. نەیدەزانی دەبێ ڕوو لە کــوێ بکات. لە دوورەوە چـەند نەفــەربەرێکی بینی کـە پڕ بوون لە ســەرباز و تێ پـەڕین. دەنگی تاکـتـیـری هـەوایی دەهات. دوکان داخرابوون و هیچ کەس بەرەو هیچ لایەک نەدەڕۆیشت.

پیرەمێردێک لە پاڵ دیوارێکی ڕووخاودا هەڵکونجابوو و ڕادیۆیەکی بچووکی بە بەر گوێوە گرتبوو.

لێی پرسی: مامە، وێستگەی قیتار لە کام لایە؟

پیرەمێردەکە دەسـتی بەرەو چەند لایەک برد و بێ واز گوتی: ڕێگاکان هەر هەموویان دەچنەوەسەر وێستگەی قیتار.

ویستی بڵێ: شتی وا چۆن دەبێ؟ بەڵام نەیگوت. ڕۆیشت.

هـەوا گـەرم بـوو. دەڕابەی چەند دوکانێک دەتگوت هەڵمسـابـوون و خـشت و خۆڵ لە ژێریانەوە دەرکەوتبوون. دیوارەکان تا نێوقەدیان ڕەش هەڵگەڕابوون و جێگای کون کون کونی گوللەیان لەسەر بوو.

دەنگی ئاژێری سوور بیسترا و لە پڕێکدا هەموو شوێنێک تاریک بوو. دۆشکەکان وەخۆ کەوتن و ئاسمان پڕ بوو لە هێڵی تیشکدار کە هەڵدەکشان و لە بەرزاییدا کوێر دەبوونەوە.

هاواری کرد: هێرشی ئاسمانییە، "سیا"، ڕاکە خۆت بشارەوە.

ڕۆیشت و خۆی لە پەنا دیوارێکی سووتاو شاردەوە.

گوتی: مەترسە، "سیا"، مەترسە، هیچ نییە، زۆر ناخایێنێ.

هەر کە دۆشکەکان لە مەودای نزیکەوە تەقەیان دەکرد، پشتی دەلەرزی... کە دەنگی تەقەش دوور دەکەوتەوە، هێور دەبووەوە. باوەشی بە کۆڵەپشتەکدا کرد و سەری خستە سەرشانی خۆی. دەنگەکان بڕانەوە. هێور بووەوە و چاوی داخست.

دەنگی ژنێکی بیست کە لە سووچێکی تاریک دانیشتبوو و لە ژێر لێوەوە ورتەی دەکرد. دەتگوت خەریکی نزا و پاڕانەوەیە. پاشان لەسەرخۆ گوتی: بەخێر هاتی کاکە، بەخێر بێیت.

کە چاک لێی ورد بووەوە، تارماییەکی ڕەشی بینی، لەسەر زەوییەکە پاڵ کەوتبوو. لە پەنا تارماییەکەش کوانوویەکی خامۆشی بینی کە مەنجەڵێکی بچووکی لەسەر بوو و هەڵمی لێ هەڵدەستا.

دنکەشقارتەیەکی داگیرساند و سەبر سەبر بەرەو تارماییەکە ڕۆیشت. هێشتا نەگەیشتبووە لای تارماییەکە، کە نووکی دنکەشقارتەکە خواربووەوە و کوژایەوە. دنکەشقارتەیەکی تری داگیرساند، دەستی درێژ کرد و بە سەبرایەک چارشێوە ڕەشەکەی لادا و کۆمەڵێک بەرد و خشتی بینی کە بەسەر یەکدا هەڵدرابوون. هەناسەی دا و گەڕایەوە شوێنی خۆی. چاوەڕێی ئاژێری سپیی کرد تا ئەگەر بیستی، لە پەناگاکەی بێتە دەرەوە.

هەموو لا کپ و بێدەنگ بوو. سێبەرە ڕەشەکە جووڵایەوە. پاش تاوێک ژنە چارشێو ڕەشەکە هەڵسا و هێدی هێدی لە کەلاوەکە چووە دەرەوە.

خۆی داتەکاند و هاتە دەرەوە، بەڵام هیچ کەسی نەبینی. هەوا گەرم بوو و

بۆنی باروت و کا، له هەوادا دەخولانەوە.

کەمێک لەولاتر، پیرەمێردێکی بینی کە لە پەنا دیوارێکی ڕووخاودا دانیشتبوو و ڕادیۆیەکی بچووکی لە بن گوێی ڕاگرتبوو. ویستی لێی بپرسێ وێستگەی قیتار لە کام لایە، بەڵام نەیپرسی.

کۆڵەپشتەکەی قورس بووبوو. هەر کە دەنگی بەرز و نزیکی چەرخە ئاسنینەکانی قیتاری لە هەموو لایەکەوە کەوتە بەرگوێ، بە دەوری خۆیدا سووڕایەوە و پلیکانە گەورەکانی وێستگەی قیتاری لە دوورەوە بینی.

بەرەو هەمان لا ڕۆیشت کە ڕووناکتر بوو. بەڵام کە دۆشکەکان دیسان تەقەیان کرد، لە پەنا دارخورمایەک ڕاوەستا، کە ئاوس بوو. هەر لە ناکاو دەنگی تەقینەوەیەک هات. دارخورما کەوتە لەرزین. پاشان دەنگی شرەشرێک و تەپەتەپی کەوتنی دنکەخورماکانی بیست کە دەکەوتنە بەر پێی. دەوروبەری پڕ بوو لە خورما و دارخورماکە هێشتا هەڵدەلەرزی.

## سێزده

که له بنکەی ناوەندیی گەڕایەوه، هەم خەوی دەهات و هەم شەکەت بوو و هەم برسی. کوڕەکانی بینی خەریکن موبەڕیدەی بیابانی له بان سەنگەرەکەیان دروست دەکەن. عەلی بەرمیلێکی گەورەی خوارەوخوار ڕاگرتبوو و سیاوەش خشت و بەردی لەژێری دادەنا. حەبیب سەتڵ بە سەتڵ ئاوی له تانکییەکەوه دەهێنا و دەیڕشتە نێو بەرمیلەکه، دەیهێنا و دەیڕشتە نێو بەرمیلەکه، دەیهێنا و دەیڕشتە نێو بەرمیلەکە.

بنی بەرمیلەکە چەند کونێکی لێ کرابوو کە ئاوەکە دڵۆپ دڵۆپ لێیەوە دەتکایە نێو کاناڵێکی پانەوە کە لەژێر بەرمیلەکە هەڵکەنرا بوو. کاناڵەکە لە پیتی L دەچوو و تا سەنگەرەکەیان دەهات و بە دڕکوداڵ پڕیان کردبووەوە. کە با بە کەناڵەکەدا هەڵی دەکرد و بە نێوان دڕک و تنۆکە ئاوەکاندا تێ دەپەڕی، سارد دەبووەوە و دەگەیشتە ناو سەنگەرەکە. فێنک و خۆش بوو. ڕێک وەکو شنەی شەماڵ. وەک ئەوەی پەنجەرەی ژوورەکەت ڕووەو زەریا کرابێتەوە.

که له پلیکانەکان چووه خوارەوه، یەزدانی بینی، له سەنگەردا پاڵ کەوتبوو. پێیەکانی لە تەشتێکدا بوون و زاری داچەقابوو. پانکەیەکی سەقەتیش کە هیی سەنگەری گرۆێکان بوو، فرتوفرت هەڵدەلەرزی و دەخولایەوە و گڕەگڕ و بای گەرم لە ڕوخساری دەدا. چەند توێکڵەشووتیشی لە تەنیشت بوو. بۆنی شووتییەکە حاڵی خراپتر دەکرد.

گوتی: گەرماگەز بوویت؟

یەزدان چاوەکانی بە ئاستەم هەڵێنا، بەڵام تاقەتی قسەکردنی نەبوو. سەرێکی بۆ لەقاند و سەرلەنوێ چاوەکانی لێک نا.

گوتی: دەبێ شلەمەنی بخۆیت. ئاوی لیمۆ خراپ نییە.

شووشەی ئاوی لیمۆی لار کردەوە، تەنیا چەند دڵۆپێکی زەردی لێوە تکایە بنی پەرداخەکەوە.

گوتی: ئێستا دێمەوە.

شووشە بەدەست لە سەنگەر هاتە دەر و بەرەو سەنگەری شەمس و کورەکان ڕۆیشت. کە سەمەد و کیا ئەویان بینی، ڕوویان لێ وەرگێڕا. دەتگوت هێشتا ڕق و قینی چەند مانگێکی لەوەوبەریان لە دڵدا بوو، کاتێ لە سەنگەری خۆیان دەری کردبوونە دەرەوە.

لەژێر لێوانەوە گوتی: دەڵە مەیموونە قۆڕەکان.

کەمێک لەولاتر، یاوەرکوردەی بینی کە لە سەنگەرەکەیان هاتە دەرەوە. دەستی بە دەمیەوە گرتبوو و بە هەڵەداوان بەرەو ئاودەستەکە دەڕۆیشت. یاوەر و نادعەلی، پێنج ڕۆژ زێدەخزمەتیان بۆ دانرابوو. نادعەلی کاتێک خەریک بوو بە مەکینە سەری یاوەری دەتاشی، هەر بە گاڵتە لاسمێڵێکیشی لێ تاشی و بوو بە هەرا و نادعەلی لێدانێکی چاکی خوارد. بە سێ کەسان نەیاندەتوانی یاوەرکوردە بگرن. بە مست و پێلەقە کەوتبووە گیانی نادعەلی. ئێستاش دوو ڕۆژ بوو، مەگەر بۆ ئاودەست، دەنا لە سەنگەرەکەی نەدەهاتە دەرەوە. پاسەوانییشی نەدەکرد. سەرگرۆبانیش زاتی نەدەکرد تا سمێڵی دێتەوە، هیچی پێ بڵێ.

گوتبووی: واز لەمە بێنن.

دۆشکەکان دەستیان بە تەقە کرد، فڕۆکەیەک بەسەر سەریدا تێ پەڕی و خۆرەتاو لە چاوی دا.

ڕۆیشتە نێو سەنگەرەکەی شەمس و کورەکان. ڕووناکیی ناو سەنگەرەکە

کز بوو. ئەشکان خەریک بوو جگەرەی دەکێشا و گوبلەنی دەدووری.

گوتی: ئاولیمۆتان هەیە ئەشکان؟ یەزدان گەرماژۆ بووە.

ئەشکان بە لالێویک گوتی: وابزانم زۆر نییە، بیهێنە بۆتی تێ کەم.

دەرزییەکەی داچەقاندە نێو سەرینەکە و شووشەکەی لێ وەرگرت.

کە چاوی بە تاریکایی ڕاهات، شەمس و هۆشەنگی بینی کە لە باوەشی یەکتردا و لەسەر تەختەکە خەوتبوون. ڕوومەتیان لە یەکەوە نزیک بوو و شەمس دەستی لە ملی هۆشەنگ کردبوو. هەردووکیان لەڕ و لاواز و مردەڵە بوون.

ئەشکان تماشایانی کرد و سەرێکی بادا و بزەیەکی هاتە سەر لێو. چەند قونکە جگەرەیەکی قرمچاو بە دیواری تەنیشت تەختەکەوە نووسابوون. ئەشکانیش جگەرەکەی بە دیوارەکەوە نووساند و کوژاندییەوە. گوتی: حەقمان چییە؟ من مانگێکی تر دەچمە ئەندیمەشک.

گوتی: بە ئیش دەتنێرن؟

ئەشکان گوتی: نەقڵ کراوم.

ئاولیمۆی وەرگرت و بە پەلە هاتە دەرەوە. عەبدوڵلازادە لە پێش سەنگەرێک و بە گونیەیەک نامەوە ڕاوەستابوو، چەند کەسێک لێی هالأبوون. لە ناکاو چاوی بە حەسەن مانگا کەوت کە خەریک بوو لە مەنجەڵی خواردندا جلی دەشوشت. حەسەن مانگا لەو چلوپێنج ڕۆژەدا کە لە بەرەی شەڕ بوو، نە جلی دەشوشت و نە چەرچەف و گۆرەوی. جلە چڵکنەکانی لە کۆڵەپشتەکەی دەپەست و بۆ دایکی دەبردنەوە بیانشوا.

هاواری کرد: هۆ... و... جل لە مەنجەڵی شیوکردندا دەشۆردرێت خوێڕی؟

بە شووشەی ئاولیمۆ لەسەری کوتا و بەرەو سەنگەرەکەی خۆیان ڕۆیشت.

گوتی: ئێستا شەربەتێکی ئاولیمۆت بۆ دەگرمەوە.

لەتەسەهۆڵێکی لە ترمووسەکە دەرهێنا، خستیە ناو جامۆلکەیەک و پڕی کرد لە ئاو و هێندەی دوو قەپاخی شووشە، ئاولیمۆی تێ کرد و تێکی دا.

گوتی: سەرت هەڵێنە.

بنباڵی گرت تا هەڵسێتەوە.

سووچی وێنەیەک لەژێر سەرینەکەیەوە دەرکەوتبوو. چاوی کچەکە جوان بوو.

لە کەناڵی موبەڕیدە بیابانییەکەوە، بایەکی فێنکی بە ڕوودا هات.

## چوارده

ئەستێرک گەورە بوو پڕ لە ئاو بوو ئاوەکە شین بوو زوڵاڵ بوو دەدرەوشایەوە ڕوون بوو سپی بوو لە تیشک دەچوو دەنگی دەدایەوە دەنگی ئاو لە لێواری ئەستێرکەکە سەرڕێژ دەبوو ئاو ئارام بوو هەرا بوو ژنەکان سپی بوون قەڵەو بوون لە گشت شوێنێک ڕێیان دەکرد لەشەکان قەڵەو سپیی لاواز بە مایۆی دوولەتکەییەوە لەشەکان دوو ڕەنگ پاڵ کەوتوو بە خاولیی زەرد شین پەمەییەوە پاڵ کەوتوو لە ڕۆخ ئەستێرکەکە پێستیان سپی بوو لە تەوقی سەر تا بنی پێ و دوو هەودای زەرد بڕێ جار شین بڕێ جار ڕەش جاریش نادیار باوەشێک قژی ڕەشی خاو سەیرم دەکردن لەو سەرەوە بازیان دەدایەوە نێو ئاو و لەشیان سپی بوو پەلەفرتەیان دەکرد لەسەر ئاو قژەکان لەنێو ئاو قژەکان لەسەر ئاو لرفەیان دەکرد و دەستەکان لێواری ئەستێرکیان گرتبوو ئاو لە ئەستێرکەوە سەرڕێژ دەبوو پێیەکان سپی دوو پووزی سپی لە قەراخ ئەستێرک و لە ئاوەکەدا کاس لە بینینی ڕەنگدانەوەی پووزەکان لەنێو ئاودا لرفەی شەپۆلی نادیار دەنگی ئاو دەنگی ئارام غەڵبەغەڵب دەنگی ئاو لە هەوادا دەلەرییەوە پۆستاڵم لە پێدا بوو جلی خاکی سەرەنەیزەم قوڕاوی شوێن پێی پۆستاڵەکان قوڕاوی ئاویش قوڕاو قاوەییەکی ئاچوخ سەبرسەبر تەشەنەی دەکرد ژنەکان لەشەکان نەیاندەدیم تێ دەپەڕین بە پەنامدا لە قژیانەوە ئاو تنۆک تنۆک دەتکایە سەر دەموچاوم نیگەران بووم شوێن پێی پۆستاڵەکان

قوڕاوی بوون ئاوەکە قوڕاو بوو قاوەییەکی ئاچوخ تەشەنەی دەکرد سۆڵەکان جووتێک بوون سپی بوون لە پەنا یەکتر و لەسەر یەکتر و تاکەوتاک و لەسەر یەکتر لە سووچێکدا خاولییان لەسەر شان بوو خاولییەکان بە دەوری لەشیانەوە سپی زەرد شین پەمەیی ڕەش ئەوسا دەنگ دەنگێکی بەرز مینا گرمەی تەقینەوە پاشان کپیی لەرینەوەی دەنگ لەنێو ئەستێرکدا گڕ لە ئەستێرکدا زەرد نارنجی دەیانقیژاند قیژە و هاوار بەو ناوەدا ئاگر لە دەوری ئەستێرکەکە بازنەیەک ئاگر نارنجی بوو دەنگی هاوار دەنگی قیژە لە گشت لاوە تا ئەو سەرە ڕایان دەکرد ڕایان دەکرد بەمالای مندا بەولای مندا لە پەنامەوە بازیان دەدایە نێو ئاوەکە و لە ترسی ئاگرەکە بەردەبوونەوە بەسەر یەکتر دەکەوتن لە ترسی ئاگر دەنگیان دەدایەوە هاوارەکان لەشەکان لە ئاودا سپی قەڵەو لاواز لەنێو ئاودا بە ژێر ئاودا دەچوون دەچوون تا ون دەبوون دەچوون تا بن بنی ئاوەکە لەشەکان لەسەر ئاو و لەنێو ئاودا دەستەکان باسکەکان ڕانەکان سپی ڕەش قژەکان تێکەڵ لەشەکان تێکەڵ خولیان دەخوارد پەڵەڕەنگییەکان دوو لەتکەیی زەرد شین پەمەیی ڕەش تێکەڵ زارەکان داچەقاو لە ئاوەکە دەردەکەوتن و هەناسەیان هەڵدەمژی ون دەبوون ئاویان هەڵدەلووشی دەنگی زیقە لە ژێر ئاودا ئاوەکی دەبوو و ئاگریش لە دەوری ئەستێرک بازنەیی بوو هەموو لایەک هەر ئاگر بوو تیشکی زەرد نارنجی سوور هات هات هات و هەڵچوو تا تخووبی ئاو قیژەکان بەردەوام قیژەکان ون من بە جلەوە بە پۆستاڵەوە خۆم هەڵدایە نێو ئاوەکە و ئاو بێدەنگ بوو غەڵبەغەڵب کپ بوو ئاوەکە سارد بوو هەستم بە پێیەکانم کرد پۆستاڵەکانم قورس بوون جلەکانم تەڕ بوون سارد بوو من هەناسەم لە ژێر ئاودا هەڵدەکێشا من بەرامەی عەترم بۆ دەهات لە ژێر ئاودا بۆنی لەشەکان بۆنی قژە تەڕ و خووساوەکان کلاوەکەم لە سەر فڕی و ڕۆیشت و ون بوو ئاو هەڵکشا تا ناوقەدم سوونگییەکەم کرایەوە لە کەمەرم کرایەوە و سەبر سەبر ڕۆیشت ڕۆیشت تا بنی ئاوەکە بە لایەکدا کەوت بنی ئەستێرکەکە شین بوو پێستی ئاوەکە سوور بوو زەرد بوو تریسکەی ئاگر و تیشک و ڕووناکی

شەپۆلیان دەدا لێل سووراییی لێڵ لەرینەوەی زەرد نارنجی دەستەکان پێیەکان هەموویان تێکەڵ پەلەقاژە هەوڵیان دەدا ئەم بەر ئاو ئەو بەریش ئاو بڵقی دەدا ئاو لەشەکان نەرمایی لەشەکان بەر ڕوخسارم دەکەوتن فێنک بوون لەشەکان فێنک بوون کڵاوەکەم لەسەر ئاو لەسەر شەپۆڵ پاشان گڕ هات و ئاو گڕی گرت کڵاو ڕەشاییی کڵاوەکەم هاتە خوارەوە ئەو ناوە سەرلەبەر بوو بە ئاگر ئاوی ئەستێرک گەرم بوو بەتین بوو تینیان گرت بۆنی لەشەکان بۆکڕووز هات سەرەکان هەڵنەدەهێنران هەوا ئاو ئاو ئاو لەشەکان تێکەڵاو هەوا ئاو ئاو ئاو دەستەکان پێیەکان قژەکان تێکەڵاو ئاوەکە لە گشت لایەک زەرد هەڵگەڕا نارنجی هەڵگەڕا سوور هەڵگەڕا.

– مورتەزا...

## پازده

دەربیجە ئاسنینەکە داخرابوو. قەوانەفیشەکێکی لە گیرفانی دەرهێنا و بە نێوان میلەکاندا بردیە ژوورەوە و بە بنی قەوانەکە چەند جارێک لە ئاسنەکەی دا. هیچێک رووی نەدا. توندتر لێی دا و دیسان هیچ. داچەمییەوە و بانگی کرد: ئەرێ کاکە... جەناب.. هیچ وەڵامێک نەبوو. ڕاست بووەوە و گوتی: سیا، وا بزانم داخراوە. کەس لێرە نییە.

گۆڕەپانی بەر وێستگەکە لە پلیکانەکانەوە چاکتر دەبینرا. بێجگە لە جێبێک و چەند لۆرییەک، شار ئۆتۆمبیلی لێ نەبوو. ئەگەریش هەبا، سەداسەد نەیاندەتوانی لە ئەندیمەشک بچنە دەرەوە. سەرەڕای ئەوەی تاریک بوو، دەیتوانی باق و بریقی پۆستاڵە سپییەکانی ئەو ئینزیباتانە ببینێ کە لە گۆڕەپانەکەدا دەخولانەوە. هەوا شێدار بوو و بۆنی بۆکڕووز و مێش ئەو ناوەی پڕ کردبوو.

نەفەربەرێک لەو دوورانە ڕای گرتبوو. تیشکپڕژێنێک بەرەو ئاسمان ڕۆیشت و چەند ئینزیباتێک بە تێلاوە لە نەفەربەرەکان دابەزینە خوارەوە و ڕیزیان بەست. پاش ئەوانیش، ئینزیباتێک بە قەلاگەیەک کە لە خۆی درێژتر بوو، دابەزی و لە تەنیشتیان ڕاوەستا. پاشان بڵاوەیان کرد و هەر یەکەیان بەرەو لایەک ڕۆیشت و سەرلەنوێ هەموو شوێنێک تاریک بوو.

چەند پلەیەک چووە خوارەوە. کۆڵەپشتەکەی لە شان کردەوە و لەسەر پلیکانێک دانیشت. دووپشکێک هات و لە تەنیشت پێی ڕاوەستا.

مێشوولەکان بەسەر سەریەوە گیزەیان دەهات و ئەویش بێ ئەوەی تەنانەت چاو بتروووکێنێ، هەروا لە دووپشکەکەی دەڕوانی. لە دوورەوە غەڵبەغەڵب و هاتوهاواری دەهاتە بەر گوێ و کەمێک نزیکتریش، سەربازەکانی دەدی کە تخێڵی سەر زەوییەکە بووبوون و ناڵەناڵیان بوو. سەربازێکی تر کە جلێکی تۆخی لە بەردا بوو، بەسەر سەریانەوە ڕاوەستابوو و جگەرەکەی دادەگیرساند.

ئێستا سوورایی گڕی جگەرەکەی دەدی و دەنگی پەیتاپەیتای تەکتیرەکانی دەبیست و بە دوای ئەویشدا دەسرێژێک ئەو ناوەی پڕ کرد لە دەنگ.

سەربازێک هاواری دەکرد: بەرم دەن.

کەمێک لەولاتر، ئینزیباتێک لە تەنیشت دارکونارێک، بە تێلا لە سەری سەربازێکی دەدا کە کەوتبووە سەر چۆک، بە تێلا لەسەری سەربازێکی دەدا کە کەوتبووە سەر چۆک، لێی دەدا لێی دەدا لێی دەدا لەسەری سەربازێکی دەدا کە کەوتبووە سەر زەوی.

خوێن لەژێر کڵاوی سەربازەکەوە داچۆڕا و هات، هات، هات، بەرەو پلیکانەکان هات و گەیشتە پلیکانی چوارەم و لە تەنیشت پێی ڕاوەستا.

دووپشک جووڵەیەکی کرد، ڕۆیشت و لە لێواری خوێنەکە ڕاوەستا.

غەڵبەغەڵب و دەستڕێژ و هاتوهاوار و ناڵەناڵەکان بەرزتر بوونەوە. کە ئینزیباتەکانیش نزیکتر بوونەوە، چاوی داخست و هەردوو مەچەکی پێکەوە نووساند و بردییە پێشەوە.

هاواری کرد: سەرکار.

تۆپەکەیان تا بنی کۆڵانەکە ڕۆیشت. سەربازێک خەریک بوو تێ دەپەڕی.

– سەرکار ئەو تۆپەمان بۆ هەڵنادەیت؟

تۆپەکە غلۆر بووەوە و لە تەنیشت پێی سەربازەکە ڕاوەستابوو. سەربازەکە

شەقێکی لە تۆپەکە هەڵدا و کوڕەکان کردیانە هەرا:

– هەڵی دە مورتەزا، لێی دە.

– پاس، پاسم بدەرێ، بڕۆ ئەولا.

– ف ف ف فاوڵ، فاوڵ.. ب ب ب بوەستە.

– لاچۆ بزانم، حەمید بیگرە هات.

قەبووڵ نییە. منیش یاری ناکەم.

دایکی لەوسەری کۆڵانەوە دەهات. چووبووە حەمامی گەڕەک، بەڵام زوو تەواو بووبوو.

لە دوورەوە گوتی: مورتەزا... داوەشاو پێم نەگوتی لە ماڵ نەچیتە دەرێ؟

ڕوخساری لە خاوێنیدا سوور هەڵگەڕابوو و قژی کە هێشتا تەڕ بوو، بە پەڕۆیەکی سپی لە ژێر عەباکەیدا بەستبوو.

کوڕەکان بەس ڕاوەستابوون و تماشایان دەکرد.

– بڕۆ ماڵێ، ئێستا دێم و داخت دەکەم. دەست و پێت ئامادە بکە تا بێم و بتبەستمەوە.

هەروا کە دایکی بە عەبا و بوخچەی حەمامەوە لێی نزیک دەکەوتەوە، تۆپەکەی فڕێ دا و ڕای کردە ماڵەوە. لە ترسان چووە ژوورە گەورەکە و لەسەر بەڕەکە دانیشت. پێیەکانی درێژ کردن و هەردوو مەچەکی پێکەوە نووساندن و چاولەڕێ مایەوە تا دایکی بێت و دەستەکانی ببەستێتەوە. دەنگی داخرانی دەرگای حەوشەکەیان هات. پاشان دەنگی پێی دایکی، کە بە پلیکانەکاندا هەڵدەگەڕا.

چاوی کردەوە. ئینزیباتەکان لە پلیکانەکان نزیک بووبوونەوە. لە سیلەی چاویەوە سەربازێکی بینی کە نەعالی لە پێدا بوو و لەسەر پلیکانەکەی سەرەوە دوور دەیڕوانی. کە سەری وەرچەرخاند، سەری سووڕ ما. گوتی: ئەشکان.!

## شازده

– وەزعێکی تووش و ناخۆشە. نیوەی ئەم ناوچەیە لەوتاوە. لە زەمین و هەواوە کیمیایی دەبارێ. هەموو لا پاشەکشەیان کردووە. لە قەسری شیرین و دالاهۆوە تا سۆمار و دێهلوران و کەرخە و چنانە و فەکە و بۆستان و شەلەمچە و دارخوێن و نازانم کوێ و کوێوە. شەهیدێکی زۆریان داوە. لەشکری بیست و یەک، تیپی سەد و دە، تۆپخانە، هێزی هەوایی، لەشکری نەوەد و دوو، هەر ئەم لەشکری حەفتا و حەفتەی خۆمان. هەموو شتێک شێواوە. بنیادەمێک ناتوانێ لە شار بچێتە دەرەوە. نەک هەر لێرە، لە هەموو شوێنێک، ئەهواز، ئابادان، خورەمشار، دیزفول، سووسەنگەرد. نە قیتار هەیە، نە پاس هەیە، نە ئۆتۆمبێل هەیە. خەڵک ڕۆیشتوون. شار چۆڵ کراوە. هەر سەعاتێک بەر لە ئێستا گوتیان پێشیان بە لۆرییەک گرتووە کە ویستوویەتی لە شار بچێتە دەرێ. پر بووە لە تەقەمەنی. وەرە با لەم دەرگایەوە بچینە ژوورێ. قیتار چەند ڕۆژێکە وەستاوە. چۆن نەتزانیوە؟

ئەشکان چەند هەنگاوێک پێشتر و خش و خش بە نەعلەوە دەڕۆیشت و ئەویش بە دوایدا.

– تۆ سیاوەش بوویت یان مورتەزا؟

– من مورتەزام.

– ئاها ڕاست دەکەیت. سیاوەش زمانی دەگیرا. چ دەورانێک بوو، ئەویش سەربازییەکەی تەواو بوو؟

– بەڵێ. پێکەوە هاتین.

ئەشکان هەڵگەڕایەوە و لێی ڕوانی. گوتی: برا گەورەیت.

هەروا کە دەڕۆیشت پەیتا پەیتا قسەی دەکرد و سەری وەردەچەرخاند.

– جارێ هیچ قیتار و میتارێک نییە. بەڵام وا بزانم سەعات سێ و نیو، قیتارێکی کیمیایی لە ئەهوازەوە دێ کە بریندارەکان بباتە تاران. سەعات سێ و نیوی بەیانی. بەرشێوت کردووە؟ تۆیش ئەهلی موجامەلەیت. دەزانم دڵ لە دڵتدا نییە بگەیتەوە تاران. هەر بە ڕاست سەربازییەکەت تەواو کردووە؟ دەی باشە. پێویست ناکا بەڵگەنامەم پیشان بدەی. کوڕەکان چۆنن؟ خۆ هەموویان ماون، ها؟ حەبیب، عەلی، کوڕێکی تریش بوو کە گەرماگەز بووبوو. لە بیرتە؟ ناوی چی بوو؟

– یەزدان.

– ئادی. کەتە زلەکە. هۆشەنگ و شەمس کاریان بە کوێ گەیشت؟

پاشان پێ کەنی. لە بەردەم ژوورێکی بچووک ڕاوەستان. تیشکێکی زەرد لە ژوورەکەوە خزابووە دەرەوە.

– ئەمە ژوورەکەمانە. پڕە لە پیاو. هەمووشیان لە بەرەی شەڕەوە هاتوون. کۆمەڵێک ئەفسەر و پلەدار و فەرماندەی سوپا و هێزی هەوایی. ببوورە، دەنا دەمبردیتە ژوورەوە، هیچ نەبا چایەکمان دەخواردەوە. تماشا.

بەردەرگای ژوورەکە پڕ بوو لە پۆستاڵی شڕ و شێواو و قوڕاوی کە تێکەڵوپێکەڵ لەو ناوە کەوتبوون.

– ژووری ئاوا بچووک، ئەوەندە کەسەی لەخۆ گرتووە؟ خۆ ئەوە دووسەد سێسەد پۆستاڵن.

– ئەگەر دەتزانی لەو ژوورەدا چ باسە. هەموو لەوێن. فەرماندەی لەشکری بیستویەک، فەرماندەی تیپی زرەیی، لەشکری حەفتا و حەفت، سەرلەشکر

بابایی، سەرتیپ فەللاحی، فەرماندە کۆنەکان، هەمووشیان بۆ یارمەتی هاتوون. حاجی کازمی ڕەستگار، جیهان ئارا، ئیبراهیم هیممەت.

– ئەویان مەگەر شەهید نەبووە؟

– با. زۆربەی ئەوانەی لەو ژوورەدان، شەهیدکراون. فەرماندەی لەشکری دە، مووەحید دانش، سەرتیپ فەکوری، فەرماندەی لەشکری بیست و حەوت، حاجی عەباسی باقری، زۆریشیان بەر کیمیاکە کەوتوون. گوێ بگرە، بزانە ئەم سەرهەنگە بەر لە شەهیدبوون چیی گوتووە.

دەنگی خڕەخڕ و فشەفشی بێتەلێک دەهاتە بەر گوێ.

سەبر گوتی: گوێت لێیە؟ فەرماندەی لەشکری بیستویەکە. پیاوێکی گەورەیە. تماشای پۆستاڵەکانی بکە، ئەوەتانێ، ژمارەی پەنجا و پێنجە.

پەنجەی بۆ جووتێک پۆستاڵ درێژ کرد کە بە قەد سەری گایەک بوون.

– خەریکە دەڵێ ئێوە لەبەر موبەڕیدە پاڵکەوتوون و پێمان دەڵێن خۆڕاگرن.

دەنگەکە فام نەدەکرا.

– هەلۆ، هەلۆ، یارمەتیمان بۆ بنێرن، هێزی یارمەتی، تەقەمەنیمان لێ بڕاوە، هەلۆ، خەریکە کیمیاییمان پێدا دەکەن، هەلۆ، هەموویان مردوون، هەموویان شەهید کراون.

هەنگاوێک چووە پێشەوە و ملەیەکی کرد. کە لە پەنجەرەکەوە تماشای ژوورەوەی کرد، تیشکێکی بەهێز لە چاوەکانی دا و کەسی نەبینی.

دەنگێک هات و هەردووکیان کشانەوە. ئەشکان ئاماژەی بۆ کرد کە برۆن. ڕۆیشتن. بەرەو وێستگە ڕۆیشتن کە تاریک بوو و بۆنی خۆڵ و ئارەقەی لێ دەهات.

– لێرە دانیشە و چاوەڕێ بکە. قیتارەکە سەعات سێ و نیو دێ. خەوت لێ نەکەوێ ها. دەزانم تۆ خەوت سووکە. لە بیرمە کە ئەفسەری ئێشکچی دەهات، تەقڵەکوت بە جلوبەرگ و چەک و پۆستاڵەوە خۆت دەگەیاندە پۆستەکەت. ئەگەر کەسێک هات، کەس نایێ، لەم سووچ و مووچانە خۆت بشارەوە،

نەتبینن. جلی مەدەنیت هەیە؟ کراس، پانتۆڵ.

– کراسم هەیە.

کراسەکەی لە کۆڵەپشتەکەی دەرهێنا.

– هیچ عـەیبی نیـیـە. بزانم چۆنە، باشـە. لە بەری کـە. پـووزپێـچـی پانتۆڵەکەشت بکەوە، بەسەر پۆستاڵەکەتدا شـۆڕی بکەوە. کڵاوەکەشت بخەرە ناو کۆڵەپشتەکەتەوە، ئێستا نەختێک باشتری، چوارخانەییت زۆر لێ دێ، دەی باشـە، گوێ بگرە، من دەبێ بڕۆم. دەترسـێم سـەرگـرۆبان هەسـتێ و بە دوامدا بگەڕێ. کەواتە لە بیرت نەچێ. تێگەیشتی چۆنە؟ سێ و نیو. خەوت لێ نەکەوێ. هەر لێرە دانیشە تا قیتار دێ.

تۆقەیان کرد و ئەشکان بە پەلە ڕۆیشت و لە تاریکیدا ون بوو.

لەسەر کۆڵەپشتەکەی دانیشت. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. پشتی بە ستوونە سمنتییەکەوە نا و چاوی بڕییە ئاسنەڕێیەکە.

## حەڤدە

دەنگی قیتاری بیست، تەتەق تەتەق تەتەق... هێدی هێدی نزیک دەکەوتەوە، تەتەق... تەتەق... تە تەق... فارگۆنە ئاسنینەکان یەک بە یەک بە بەردەمیدا تێ دەپەڕین... قیتارەکە ڕاوەستا فششێکی کرد هەڵمێکی سپی لە ژێرییەوە دەرهات، هەڵم ئەو ناوەی داپۆشی...

چاوی کردەوە، ئاسنەڕێ بەتاڵ بوو.

،

دیسان پێڵوی چوونەوە سەر یەک، دایکی گوتی: وای... وای... لە باوەشی گرت، بۆنی پێوە کرد، هەڵی گلۆفی، ماچی کرد... باوکی کە دوورتر ڕاوەستابوو، پێستی ڕوومەتی دەلەرزی.

،

دەنگی چەرخە ئاسنینەکان لە گوێیدا دەزرینگانەوە و بۆنی ئاسنی گەرم دەهات...

چاوی لێک کردنەوە، کە هەڵمە سپییەکە هێدی هێدی ڕەوییەوە، قیتارەکەی بینی کە لە بەرامبەری ڕاوەستاوە، ڕەش و گەورە.

خێرا هەستایە سەرپێ، گوتی: هەڵسە سیا!... قیتارەکە هات!، قیتارەکە هات.!

خـــوێن و زووخـــاوێکی زەرد لـە ژێر فـــارگـــۆنـەکـــانەوە دەتکایە ســـەر هێڵەئاسنینەکان.

ئەشکان بـە ڕاکردن بە بەردەمـیدا تێ پـەڕی. هاواری دەکرد: قـوربان... ئەم قیتارە خوێنی لێ دەتکێ قوربان!...

زووخـاوەکـە بـە زەویدا ڕۆدەچوو و هـەڵمی لێ هـەڵدەسـتـا... بۆنی خـوێن و ئاسن لە هەوادا مەیبوون.

ســەربازەکــان بە دەمــامکی ســپـیـیــەوە و لـە کــاتێکدا هەردوو ســەری دەستەبەرەیەکیان گرتبوو، لە قیتارەکە دادەبەزین... مردووەکانیان فڕێ دەدایە ناو تاریکی و دەگەڕانەوە ناو قیتارەکە.

کارگێڕەکانی قیتارەکە پەیتاپەیتا فیکەیان لێ دەدا و دەستیان لە هەوادا دەلەراندەوە.

بوو بە غەڵبەغەڵب و چەند کەسێک بە ڕووپۆشی سپییەوە خۆیان گەیاندە وێســتگە و بە پەلە ســواری قــیــتــارەکــە بوون. پاشــان چەند ســەربازێکی نەخـۆشـخـانە هاتن و سندووقی دەواودەرمـانیـان لە قـیـتـارەکـە بار کـرد و سەرلەنوێ دابەزین.

لە ترسی بۆمبارانی هەوایی، قوڕیان لە جامی قیتارەکە گرتبوو. سەربازێک لە فـارگـۆنێکدا، ڕوومـەتی بە شـووشـە قـوڕاوییـەکـەوە نابوو و لە تاریکیی دەڕوانی. پێستی ڕوومەتی داڕووشابوو و چاوی سپی سپی بوون.

گوتی: ئێستا وەختیەتی، ڕاکە!

کۆڵەپشتەکەی ڕاکێشایە لای قیتارەکە.

گوتی: سواربە "سیا"...

کۆڵەپشتەکەی بە ئاسـتەم هـەڵێنا و خسـتیـیە سـەر ئاسنە ڕەش و زلەکانی نێوان دوو فارگۆنەکە.

باسکی گرت و پاڵێکی پێوە نا: دەڵێم سوار بە، دەی!

## هەژدە

سوار دەبی.

قیتار بە ڕێ دەکەوێ و هەست دەکەی ڕەشایی لێک ڕادەکێشرێ و هەموو شتێک لە پشتەوەت جێ دەمێنێ. تۆ دەڕۆیت و ئەو دەمێنێتەوە.

لەنێوان دوو فارگۆندا ڕاوەستاویت و قیتاریش تەتەق تەتەق تەتەق بەرەو تاران دەچێ.

ساتێکی سەیرە. سەخت و ئەستەم. دڵێکی گەورەی دەوێ، بەڵام تۆ بەرگەی ناگریت. هەنسک بینت دەگرێ و دەگرییێ.

بۆنی کا و چوکلێت لە سەرتدا دەخولێتەوە... بۆت نییە بچیتە ناو هیچ فارگۆنێک. هەموو لەوتاون. خوێن و زووخاو و کێمیش، گیرۆیین. دەست لە هەر شتێک بدەیت. پێستت بلۆق دەکا.

تەتەق تەتەق تەتەق...

تماشای ئاسمان دەکەیت و مانگ دەبینی، کەوانەیەکی باریکە. مانگ لەگەڵ تۆدا ڕێ دەکا. تینوویت.

تەتەق تەتەق تەتەق...

وریا بە خەوت لێ نەکەوێ! خەوت لێ ناکەوێ. دنیا ڕووناکتر دەبێتەوە. گردە خۆڵەمیشییەکان بە بەر چاوتدا تێ دەپەڕن. سپێدەیە و مانگ ڕەنگی پەڕیوە.

تەتەق تەتەق تەتەق...

دیمەنەکانی نێوان ڕێگا، وشک و برینگن. خۆڵ، دڕک، خۆڵ، دڕک، خۆڵ. بڕێ جاریش کەوێڵێک لە بیاباندا. چەند ڕۆژە ئاوت نەخواردووەتەوە.

تەتەق تەتەق تەتەق...

بڕێ جار چەند درەختێکی سەوز توند و خێرا بە بەردەمتدا تێ دەپەڕن، تۆش هەستێکی چاکت هەیە. با، بە پێستی سەرت دەکەوێ و فێنک دەبیتەوە. تا دەگەیە تاران، قژت دێتەوە. ڕێگا دووروودرێژە. چەند ڕۆژێک بە ڕێوەیت. ماندوویت، بەڵام بەئاگایت.

تەتەق تەتەق تەتەق...

کارگێڕی قیتارەکە دێت. دەپرسێ ڕات کردووە؟ دەڵێیت نا. بەڵگەنامەکانتی پێشان بدە. لە کۆڵەپشتەکەدان. دڕاوە. ئینزیباتەکەی عەبدالخان دڕاندی. کارگێڕی قیتارەکە مرۆڤێکی میهرەبانە. دەڕوا.

تەتەق تەتەق تەتەق...

لە پەنجەرەوە دەڕوانیتە ژوورەوە. ڕاڕەوەکە بەتاڵە. نێو فارگۆنەکان نابینرێن. پێیەکانت ژان دەکەن. دوودڵ دەبیت کە بچی و لە ڕاڕەوەکەدا پاڵ بکەویت. بەڵام هەر دەڵێیت بە پێوە وشک هەڵگەڕاویت.

تەتەق تەتەق تەتەق...

کارگێڕی قیتارەکە دیسان دێتەوە. دەڵێ بەر لەوەی بگەیتە تاران دابەزە. دەڵێ وێستگەی قیتار پڕاوپڕ لە ئینزیباتە. وا دەزانن ڕات کردووە. قیتارەکە لە شوێنێکی نزیک تاران ڕادەوەستێ ئاو تێ دەکا. لەوێ دابەزە.

تەتەق تەتەق تەتەق...

دادەبەزی. لە دەستەڕاستەوە جادەیەک دەبینی کە دوو کیلۆمەترێک لە هێڵی ئاسنەوە دوورە. ئۆتۆمبێلە بچووکەکان لە دوورەوە دەبینی کە سەبرسەبر ڕێگا دەبڕن. بڕۆ!

بە پێیان دەکەویتە ڕێ. کۆڵەپشتەکەت قورستر بووە. تەنیایت. دەڕۆیت تا

دەگەیتە سەر جادەکە و دەست بۆ ئۆتۆمبێلەکان ڕادەگریت. لۆرییەک ڕای دەگرێ. "دڵکەش" خەریکە گۆرانی دەڵێ و تا خودی تاران شوفێرەکە قسەت لەگەڵ دەکا و تۆش هێندێک جار چاوەکانت دادەخرێن.

کە دەگەیتە تاران، لە شەقامەوە تا کۆڵان و تا دەرگای ماڵەوە بە غاردان دەڕۆیت. ڕاکە. هەناسەبڕکێ. دایکت هەر گوێی لە دەنگی دەرگا بێت، دڵی دادەخورپێ.

دەرگا دەکاتەوە. وای... وای... سەری دەخاتە سەر سینگت و خوڕخوڕ دەگریێت. لەچکەکەی ماچ دەکەیت. باوکت لە پشت دایکتەوە ڕاوەستاوە. لەخۆباییبوونەکەی ناهێڵێ تنۆکە فرمێسکی بە چاودا بێت.

لەسەر سفرەی نان قسەیان بۆ دەکەیت. تەلەڤیزیۆن هەڵکراوە. مارشی سوپا دەبیسی. خوشکت خەریکە ڕاهێنانەکانی دەنووسێتەوە.

باوکت بەیانییەکەی بە پەلە دێتەوە ماڵ. کیسەی میوەکان دادەنێ و ڕادیۆکە هەڵدەکا. دەڵێ ئۆتۆمبێلەکان چرایان داگیرساوە و هۆرن لێ دەدەن. خەڵک لە کۆڵاندا شیرینی دەبەشنەوە. ئاشتییە. دایکت لە عەباکەیدا دەگریێ. دەڵێ: سەدشوکر خودایە. شوکر.

شەو کە دادێ، باوکت پاڵ بە دیوارەوە دەدا و ڕادیۆکە لە بن گوێی ڕادەگرێ. دایکت پێخەفەکان دێنێ و ڕایان دەخا. دەخەویت.

## نۆزده

بەڵگەنامەکان دەداتە دەست ئینزیباتەکە بەردەرگا قەرەباڵغە لاپەڕەکە گەورەیە تەڕ دەبێ بە خەتێکی ناخۆش لێی نووسراوە دەزانێ نیگەرانە دەڵێ جەناب ئێمە سەربازییەکەمان تەواو بووە و ئیزن دراوین لە ئیڤایەکدا دانیشتووە ئیڤاکە بانی نییە بەڵگەنامەکەی هەر دەنووشتێتەوە و دەبینێ بەڵگەنامەکان دووانن دەدرێ دەستی درێژ دەکا بەڵام هەمان لاپەڕە نییە گیرفانەکانی دەگەڕێ بەڵگەنامەکان دەردێنێ بەڵگەنامەکە گەورەیە دەکەوێتە بن پۆستاڵەکانی کەسێک و قوڕاوی دەبێ لاپەرەکان لە قەراخ ڕێگان پێیەکان لا دەدا دەیبینێتەوە هیچ کەس لەوێ نییە ئینزیباتەکە ئێستا لەوێیە بەڵگەنامەکان دەدڕێنێ با دێ و لەتە لاپەڕەکە دەبا دەبێ بگەڕێتەوە بەرەی شەڕ لەتە گەورەکەی لە دەستیدایە و لەسەر مێزەکەی دادەنێ چەند ناوێکی لەسەر نووسراوە لە ژوورێکدایە ناوەکانی تر لەسەر لەتێکی تری لاپەڕەکەن دەڵێ جەناب بە خوای ئێمە ئیزن دراوین لاپەڕەکە نووشتاوەتەوە چوار مانگیش زێدە خزمەتمان کردووە هەر کە دەیکاتەوە دادەدڕێ دەستی خوێناوییە لەسەر پلیکانەکان دانیشتووە دووپشکێک بە لاپەڕەکەوە نووساوە مردووە تەنیا سووچێکی لاپەڕەکە بە مەرەکەبی ڕەش لێی نووسراوە دەبێ بگەڕێتەوە خەتەکەی ناخوێندرێتەوە دەڵێ بزانە ئەمە ناوی منە لێرەیە دەگەڕێ کابرای ڕیشن لاپەڕە گەورەکە توور هەڵدەدا و با لەگەڵ خۆی دەیبا لاپەڕەکە پڕاوپڕ لە

وشــەی گــەورەیە بـە خــەتێکی ڕەش و گــەورە لێی نـووســراوە دەگــەڕێ ناوی مورتەزا دەبینێتەوە مورتەزا ڕوون و ئاشکرا نووسراوە هەمـوو ناوەکان بە ڕیز و لەژێر یەکتردا نووسراون لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ دەڵێ ئەمە ناوی منە دڵی خۆشـە ناوەکەی بچـووک و بچـووکتر دەبێـتەوە ڕەزا مـارتز ئا وشـەکان زۆرتر دەگۆڕدرێن دەترسێ جادە تاریکە زۆر تاریکە مۆم و فانۆس هەڵدەکا تا باشــتــر ببــینێ ئـینزیبــاتـەکــە تووڕە دەبێ دەبێ بگەڕێتــەوە بـەرەی شــەڕ لە سـەنگەردایە قـەیتـانەکـانی سـەر شـانوملی لە دەسـتی ئەودان هەوا ڕووناک دەبێتەوە نیگەرانە سەربازێک لـە تەنیشتی ڕاوەستاوە دەیناسێ ئەی بۆ قسە ناکـا دەڵێ بە خـوا ئێـمــە ئـیـزن دراوین چوار مــانگیش زیاتر مــاوینـەتەوە ئینزیبـاتەکە دوورتر ڕاوەسـتاوە پشـتی تێ دەکا دەبێ بگەڕێتەوە بەرەی شـەڕ لەسـەر تەختێکە و دەڵێ پشـتم ئازاری هەیە فـانۆسـەکە دووکەڵ دەکا یەکێک بانگی دەکا دەستێک لە پشتی دەدا ژان دەیگرێ.

– هەستە بزانم!...

پێلەقەیەک بە تەنیشتی دەکەوێ.

– لێرە چی دەکەی؟

چاوی هـەڵێنـا و ئینزیبــاتەکـەی بینی کــە تێــڵا بە دەست لەســەر ســەری ڕاوەستاوە.

– سەر بە کام یەکەی سوپای؟

ئینزیبـاتەکە سـەری باتۆمەکەی سـەبر سەبر لەو کۆڵەکەیە دەدا کە ئەو پاڵی پێوە دابوو.

– م م من... ش ش ش شەهید ک ک کراوم.

تەواو

٢٠٠٤ – ٢٠٠٥